# بیرەوەری پارتی پرۆلیتاریا



ڕۆزا لۆکسمبێرگ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

شۆڕش فەرامەرزی

ناوەندی کۆمۆن

ڕۆزا لۆکسمبێرگ • بیرەوەری پارتی پرۆلیتاریا * وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: شۆڕش فەرامەرزی

# بیرەوەریی پارتی پرۆلیتاریا[1]
## ١٩٠٣

## ڕۆزا لوکسمبێرگ

ئێستا سالانێکی زۆره له ساڵیادی مەرگی قارەمانانەی کونیچکی[2]، باردۆفسکی،[3] ئۆسۆفسکی[4] و پییترۆسینسکی[5]دا، کێشمەکێشی شەڕ و مشتومڕێکی زۆر له ناو نیشتمانپەروەران و سۆشیالیزم دۆستەکاندا، له سەر گۆڕی ئەو کەسانەی وا له پێناوی سۆشیالیزمی ئینتەرناسیۆنالدا چوونه ژێر خاک، ڕوودەدات که تەنیا زیان دەگەیێنێت به بیرەوەریی دامەزرێنەرانی یەکەم پارتی سۆشیالیست له پۆڵەندا. باسی ئاهەنگەکانی سالانه دەکەین "به تایبەت له ولاتانی دەرەوه" ڕێکدەخرێ له لایەن "پارتی سۆشیالیستی پۆڵندا PPS]] به ئامانجی ئەوەی که ڕابردووی بزووتنەوەی کرێکاریی پۆڵندا داگیربکەن بۆ ناسیۆنالیزمیی ئەمڕۆیی به کاری بێنن، بەلام له ژێر ڕوالاتی سۆشیالیزمدا. مەبەستی ئیمه خۆتێهەڵقورتانی ئەو بزووتنەوه سیاسییەیه بەناوی ڕیزلێنانەوه, له بەرنامه و سیاسەت، ژیان و کرداری ئەوان. تەنها دەکەوێته بەر نەفرەتلێکردن.

---

[1] In Memory of The Proletariat Party
[2] Kunicki
[3] Bardowski
[4] Ossowski
[5] Pietrusinski

مرۆڤی وەک ئەو چوار کەسە، لە پێگەیەکی ژیری هێندە بەرزدا هەڵکەوتبوون کە بە سەربەرزییەوە بەرەو ڕووی مەرگ ڕۆشتن لە پێناوی بیر و بڕوایاندا، و لە مەرگیاندا ژیانیان هەڵگیرساند و بووژاندیانەوە؛ ئەوان بێگومان موڵکی قۆرغکراوی هیچ پارت، گرووپ یان لایەنێکی سیاسیی تایبەت نین. ئەوانە موڵک و زیارەتگەی هەموو مرۆڤایەتین و هەر کەسێک لە هەر مانا و شێوەیەکدا بە ڕاستیی بیرۆکەی ئازادی بۆ گرنگ بێ، دەبێت وەک یادگاریی نزیکانی خۆی لە ئامێزیان گرێت و بیرەوەرییەکەیان بەرز بنرخێنێ. بە تایبەت هەر کات لاوانی تێگەشتووی پۆڵەندا لە ساڵیادی بیرەوەریی ئەو بۆنەیە لە لایەن پارتی پرۆلیتاریاوە بەشداریی دەکەن خۆشحاڵییەکی ڕاستەقینە دەبینین کە نیشانەیەکە لە بڕوا و بەڵێن بۆ ڕەوەندی شۆڕشگێری لە ناو ڕووناکبیرانماندا.

ئێمە نە دەمانەوێ بیرەوەریی قارەمانەکانی پرۆلیتاریا داگیرکەین و نە بە هۆی بەرژەوەندیی پارتەکە، وەک تەرمی پاترۆکلوس[6]، شەڕی بۆ بکەین. بەڵام کاتێک ڕێزلێنان لە بیرەوەریی کووژراوەکان دەبێتە گەمەیەکی پڕ هات‌وهاوار و سووک و چرووک، کاتێک هەتا ئاستی بانگەشەیەکی گشتیی لە سەر تابلۆی ئاگاداریی گرووپێکی سیاسی دادەبەزێنرێ، و کاتێک بیر و ئاکاری ئەو پرۆلیتاریایانەی ئەوان لە پێناویاندا گیانیان لەدەست دا، پێش ئەوەی خەڵک لە ئامانجیان تێبگەن، بە پێچەوانە بەکار دێنرێت و شی‌دەکرێتەوە، ئاساییە کە ئەرکی ئەو کەسانەیە، هەر وەک جەوهەری بنەماکانیان[7] نیشانی دەدات میراتگری نەریتی شۆڕشگێڕی پرۆلیتاریان، هاواری ناڕەزایی بەرزکەنەوە. ئێمە لایەنگری ئەو بەزموڕەزمە نین کە هەموو ساڵێک بۆ بەرزنرخاندنی نەریتەکانی شۆڕشگێڕیی بەڕێوەدەچێت و بە هۆی هەموو ساڵێ دووپات بوونەوەی وەک هەر شتێکی تر بۆتە شتێکی ئاسایی و نەریتی. دوای ئەوەش

[6] Patroclus
[7] Principles

ئێمە ئێستا لە سەر ئەو بڕوایەین کە ئەو کەسانەی ٢٨ی ژانوییە گیانیان بەختکردبوو، بەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت کە نیشانی دەین گۆڕەکانیان جێگەیەکی باش نییە بۆ هەڵپەڕکێی سۆسیالیستە_نیشتمانپەروەرەکان و سەربازە پلاستیکیەکانیان کە خەریکی مەشقن بۆ **ڕاپەڕینی نیشتمانی**.

هەروەها جێگەی داخە کە نەریتەکانی بزووتنەوەی سۆشیاڵیستی لە وڵاتی ئێمەدا بۆ نەوەی هاوچەرخی شۆڕشگێڕانی پۆڵەندا، زۆر کەم ناسراوە. بە بڕوای ئێمە کاتی ئەوە هاتووە کە بیرەوەریی خەباتی ڕابردوومان زیندووکەینەوە، خەباتێک کە ئەمڕۆ دەتوانێ سەرچاوەیەکی بەپیت بێ بۆ بەهێزتر کردنی ورە و داڕشتنی ڕێ و شوێنی سیاسیی. سەرەڕای ئەوانەش کاتی ئەوە هاتووە کە کەسایەتیی ڕۆشنبیرانەی یەکەم پارتی سۆشیاڵیستی بەهێز لە بواری ڕێکخراوەیی و کارامەییدا لە پۆڵەندا، واتا پرۆلیتاریا، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و لە ڕێی وتە و کردەی خۆی و لە سای حەقیقەتی مێژووییەوە ڕوونکردنەوەی لەسەر بکرێت.

هەر کەسێک کە بیرۆکە سیاسییەکانی پارتی پرۆلیتاریا بە دروستی لێکبداتەوە و لێی تێبگا ناچار لەو بۆچوونەوە دەستپێدەکات کە ئەو پارتە یەکپارچەییەکی لە بەرنامەکانیدا نەبووە، واتا بەرنامە و ڕێ و شوێنەکەی لە ژێر کاریگەریی دوو لایەنی جیاوازەوە دایە کە بریتین لە ڕۆژاوا و ڕووسیا؛ لە لایەک تیۆریی مارکسیستی و لە لایەک ئاکاری **ئیرادەی گەل** Narodnaya Volya.

بارودۆخی کۆمەڵایەتیی پۆلەندای کۆنگرە* [8] لە دەیەی ١٨٨٠ دا، بنەمایەکی گونجاو بوو بۆ «بزووتنەیەکی کرێکاریی» لە مانای ئەوڕۆیی خۆیدا. ریفۆرمی

---

*پۆڵەندی کۆنگرە یان مەبەست بەشێکە لە وڵاتی پۆڵەندا کە بە ناوی پاشایەتی پۆڵەنداش ناسرابوو. لەڕاستیدا پۆڵەند دابەشکرابوو بەسەر سێ بەشی پۆڵەندی پۆسێن، پۆڵەندی کۆنگرە و پۆڵەندی گالیسیا. وەکوو وڵاتێکی سەربەخۆ لە ساڵی ١٨١٥دا لە لایەن کۆنگرەی ڤییەنا دروست کرا و تا ساڵی ١٨٣١ لە ژێر ڕکێفی سزاری ڕووسیادا بوو. دواتر سەربەخۆیی خۆی لەدەست دا و بوو بە بەشێک لە ڕووسیا. سەرچاوە: ویکیپیدیا... وەرگێڕ

زەویوزار و پەرەسەندنی پیشەسازیی دوای تێکشکانی دوایین ڕاپەڕین، دوایین سەرکەوتنی تەواوی کاپیتالیزمی لە شارەکان و تا ڕادەیەکیش هەموو وڵات دەستەبەر کرد. تیۆریی پۆزیتیڤیستیی «کاری ئۆرگانیک[9]» دوایین ئاسەواری ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی–فیودالّ لە کۆمەڵگادا پاک کردەوە و بناغەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵایەتیی و عەقڵانیی بورژوایی، وەک ڕێکخراوەیەکی شۆڕشگێڕیی سیاسیی سەدەی ١٩ لە ئیمپراتووریی ڕووسیادا تۆختر لە هەموو وڵاتێکی تر داخست. [بەو شێوەیە] دوژمنایەتیی چینی نوێ، هەلومەرجی ئابووریی و گرنگیی کۆمەڵایەتیی پرۆلیتاریای پیشەساز، ئاشکرا بوو. «بەو پێیە ئەو مەرجە ئۆبژێکتیڤانە وا بنەمای وانەی مارکسیستی پێکدێنن تا ڕادەیەک بە تەواوی لە کۆنگرەی پۆلەند وەدیهات و دەکرا هەوڵ و تێکۆشانی سۆشیالیستی پرۆلتاریا بە شێوەیەکی مەنتقیی لەسەر بنەماکانی مارکسیستی دابمەزرێت.

ئەو ڕوانینە بە ڕوونی لە بەشی دووهەمی ڕاگەیاندنی کومیتەی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ـ سۆشیالی پارتی پرۆلتاریا لە ساڵی ١٨٨٢ دا باس کراوە: "**وڵاتی ئێمە جیا لە ڕەوتی ڕوو بە گەشەی گشتیی کۆمەڵگای ئەورووپیی نییە ـ پێکهاتەی ڕابردووش و ئێستاش لەسەر بناغەی زوڵم و بێگارییە و جگەلە چارەڕەشیی و سووکایەتیی، هیچ شتێک بە کرێکارانمان نابەخشێت. کۆمەڵگای ئێمە هەموو تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی بورژوازیی/کاپیتالیستیی پێوە دیارە، و لەگەڵ ئەوەی نەبوونی ئازادیی سیاسیی، ڕواڵەتێکی شێواو و تێکچڕماوی داوەتێ، بەڵام ئەو ڕواڵەتە هیچ لە گەوهەرە تایبەتەکەی ئەو ناگۆڕێت**"[1].

لێرەشدا سۆشیالیزم بنەمایەکی هاوچەرخیانەی هەیە کە بۆ داڕشتەی چینایەتیی کۆمەڵگا گونجاوە:

---

[8] Congress Poland
[9] Organic Work

«ناکرێت بەرژەوەندیی چەوساوەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی چەوسێنەرەکان ڕێککەوێت. ئەم دوو بابەتە لە ژێر ناوی یەکێتییەکی نیشتمانیی خەیاڵیدا [یەکتر ناگرنەوە و] ناچنە پێش. تەنانەت ئەگەر کەسێکیش پێیوابێ بەرژەوەندییەکانی کرێکارێکی ناو شار لەگەڵ یەکێ چەوساوەی لادێ وەک یەک وان، دەبێ بیسەلمێنێت کە پرۆلیتاریای پۆڵەندا لە بنەڕەتەوە لەگەڵ چینە بەختەوەرە خوداپێداوەکان جیاوازە و ئەو جیاوازییە بۆ ئەوان وەک چینێکی سەربەخۆ کە بە تەواویی لە بواری ئابووریی، سیاسیی و حەزە ئەخلاقییەکاندا جیاوازن، کێشە و ململانێ دێنێتە پێش.»

ئاگادارییەکە هەر لە سەرەتاوە تایبەتمەندیی کێشەی چینایەتیی سۆشیالیستی، وەک کێشەیەکی نێودەوڵەتی ڕادەگەیێنێت [و دەناسێنێ] و پێداگریی دەکات لەسەر ئەوەی کە «هەلومەرجە ئابوورییەکان، بنەمای پێوەندیی کۆمەڵایەتین: هەموو دیاردەکانی تر دەکەونە ژێر سێبەری ئەو هەلومەرجانە». کەوابوو ئەو ئاگادارییە بە شێوەی فەرمیی ماتریالیزمی مێژوویی وەک بناغەی جیهانبینی[10] خۆی دادەمەزرێنێت. ڕوانگەکانی پرۆلیتاریا لە هەموو خاڵەکاندا سوورن لەسەر ئەوەی چەمکەکانی مارکس و ئەنگڵس لە **مانیفێستی کۆمۆنیست**[11]ەوە ڕاگوێزنە سەر وڵاتی پۆڵەندا [و بیکەنە پۆڵەندی].

بەڵام ئەو ڕەخنە گشتییە لەسەر کاپیتالیزم نە شێوەی کرداری ڕاستەوخۆی پارتەکە سەقامگیر دەکات و نە بەرنامە و تاکتیکە سیاسییەکانی دیاری دەکات. بۆشاییەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان یەکەم: ناسینی بنەما گشتییەکانی سۆشیالیزمی زانستیی و ئەنجامەکانی ئەوان سەبارەت بە ئەرک و هەوڵەکانی پارتەکە و دووەم: تیۆریی مانیفێستەکە و بەرنامە و کرداری ڕاستەوخۆی سۆشیال دیموکراسی. ڕوانگە

[10] Weltanschauung
[11] Communist Manifesto

سیاسییەکانی پارتی پرۆلیتاریا تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی [لایەنی] **ئیرادەی گەل** ی ڕووسیادا بوو.

ڕواڵەت و چوارچێوەی گشتیی ئەو ڕێکخراوەیەی دواتریان [**ئیرادەی گەل** ی ڕووسیا]، مۆرکی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیی بەتەواوی جیاوازی پێوە دیار بوو لە چاو ئەو شتانە [هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە] وا کاریگەرییان لەسەر گرووپە پۆڵەندیەکە بوو. ئەوەیان لە خاکی کۆمەڵگایەکی کاپیتالیستیی گەشەنەکردوودا پەرەی سەندبوو کە لەودا ژیان و مانی کۆمەڵایەتیی هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر بە کشتوکاڵ و پاشماوەکانی سیستەمی کۆنی دارایی هاوبەشی ڕووسیا بەڕێوە دەبرا. تیۆریی سۆشیاڵیستی **ئیرادەی گەل** بە پرۆلیتاریای شارییەوە بەند نەبوو بەڵکوو لەسەر بناغەی [سیستەمی] خاوەنبوون دانرابوو ـ واتا کۆمەڵگای گوندنشین [کە خۆیان خاوەنی ماڵ و زەویی بوون]. لە هەولی ئەوەدا نەبوو بزانێت کاپیتالیزم چییە و بەسەریدا زاڵ بێت؛ بەڵکوو تەنیا دەیویست تەشەنەکردنی وەدواخات. بە دوای سەرکەوتن لە ململانێی چینایەتیدا نەبوو؛ بەڵکوو دەیویست وەک کەمینەیەکی بوێر تێبکۆشێت هەوساری دەوڵەت لە دەست ئەوانی تر بڕفێنێ. ئەگەر ئایدیالیزمی خودی (زاتی) [12]وەک بنەمای ڕوانگە مێژووییەکان سەبارەت بە **ئیرادەی گەل** لە قەڵەم دەین، دەردەکەوێت کە تیۆرییەکەی لە هەموو تایبەتمەندییە پێویستەکانی‌دا، لە بنەماکانی پارتی پرۆلیتاریا جیاوازە.

بێگومان **ئیرادەی گەل** داڕشتەیەکی بەتەواوی یەکگرتووی بێکەم و کووڕیی نەبوو: کارتێکەریی ڕۆژاوا و سەرەتای تیۆریی مارکسیستی لێرە و لەوێ پێوە دیارە. جگەلەوەش بەرنامەی سیاسیی ئەو پارتە بە هاسانیی یەک ناگرێتەوە. ئەگەر یەکێک بیهەوێت بە وەڵامی ئەو پرسیارە بگات کە چۆن دەکرێت بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە کردە سیاسییەکانی **ئیرادەی گەل** تێبگەی، [دەبێت بڵێین] تەنیا لە ڕێگای بیرکردنەوەی

[12] Subjective Idealism

پاراو و شیکاری ورد لەسەر چاپەمەنییە دەورەییەکانی ئەو پارتە دەکرێت بە وەڵامێکی ڕوون بگەین. ئایا ئامانجی ئەو، لەناوبردنی بەڕێوەبەرایەتیی تاکەکەسیی و هێنانە ئارای ئەنجومەنی وڵات[13] بوو بۆ ئەوەی هەرچی زووتر خاڵە کردەییەکانی تێپەڕین بۆ دۆخی سۆشیالیستی بەڕێوە بچێت و ئەو سیستەمە خاوەن بوونە بەشدارانەیە بەهێزتر کرێ کە دەبێتە بەردی بناغەی کۆمەڵگای سۆشیالیستی داهاتوو؟ یان لە پێشدا دەیویست مافە یاساییە سیاسییەکان دامەزرێنێت؟ لە کاتی خۆیدا، هەر وەک دواتر دەیبینین، کەسانێک بوون کە ئامانجەکانی **ئیرادەی گەل**ـیان ئاوا لێکدەدایەوە. هەر چی بێت ئەگەر کەسێک بیەوێت ناسناوێکی گونجاو لە مێژووی سۆشیالیزمی ئەورووپیی ڕۆژاوایدا بدۆزێتەوە، بێگومان وشەی بلانکیست Blanquist باشترین پێناسەیە بۆ ستراتیژیی سیاسیی **ئیرادەی گەل**. بلانکیزم ستراتیژییەکە کە لە لایەک بە دوای وەدەسهێنانی متمانەی جەماوەری خەڵکەوەیە و لە لایەکیتریشەوە بە دوای بەدەسگرتنی هێز بە بەکارهێنانی پارتێکی پیلانگێڕەوەیە کە بۆ ئەو مەبەستە تەنیا ئەو بەشانە لە بەرنامەی سۆشیالیستی جێبەجێ دەکات «کە ئەگەری جێبەجێبوونی هەبێت». ئەو لێکدانەوەیەی **ئیرادەی گەل**، ڕێک هەمان لێکدانەوەی سۆشیال دیموکراتەکانی ڕووسیایە، کە لە چاپەمەنییە پرۆگرامیکەکانیاندا ڕەخنەیەکی زۆر و بەربڵاو هەیە سەبارەت بە جیهانبینیی مێژوویی[14]، تیۆرییە سیاسییەکانی ئەو پارتە و هەروەها ڕەوشتە سیاسییەکانیان.

ئەگەر بڕوانینە ڕوانگە دژبەرەکانیان، کاریگەریی **ئیرادەی گەل** لەسەر پارتی پرۆلیتاریا، لە پێشدا وێدەچێت نادیار و دژوارە و کۆکردنەوە [و پێکەوە بەستن]ـی ئەو توخمە جیاوازانە تا ڕادەیەکی زۆر گرێیەکی ئاڵۆز و بێچارەسەر بێت. ڕەنگە پارتی پرۆلیتاریا لە ڕوانگە بنەماییەکانیدا لەسەر بناغەی هاوبەشی ئەورووپی_نێودەوڵەتی بنیات نرابێت بەڵام **ئیرادەی گەل** داڕشتەیەکی بە تەواوی «خۆماڵیی» ڕوسیایی بوو.

[13] Zemsky Sobor
[14] Historical Weltanschauung

تێگەیشتنی دروست لەوەی کە چۆن و بۆ ئەو دوو ڕوانگە بە تەواوی جیاوازە، هێشتا هەر یەکن بە هۆی ڕۆڵێکی چارەنووس‌ساز کە بە **یەکگرتویی خۆیان لە مێژوودا نیشانیان دا و دواتر گەیشتە فەوتانی پارتی پرۆلیتاریا** یەکجار گرینگە.

II

گەشەکردنی عەقڵانیی بنیاتنەرانی پارتی پرۆلیتاریا سێ قۆناغی تێپەڕاندووە. دووهەمین قۆناغیان کە زیاترین کاریگەریی لەسەر بەرنامەی پارتەکە بووە، تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە هەوڵەکانی ڕووناکبینترین و کارتێکەرترین ڕێبەری سۆشیالیستی پۆڵەندا لەو کاتدا، واتا لودویک وارینسکی[15].

قۆناغی یەکەم تا نزیک ساڵی ١٨٨٠ درێژەی بوو. ئەو کاتە کاتی پێگەیشتن و هەڵاتنی [هەویری] تیۆریک، بە تایبەت لە ناو کۆچبەرانی سۆشیالیست لە وڵاتی سویسرا[16]دا بوو. ئۆرگانی ویژەییەکەی، [گۆڤاری] یەکسانی[17] **Equality** لە شاری جێنێڤا[18] بوو. تیۆریی سۆشیالیزمی زانستیی سەبارەت بە بەشی ئابووریی و ڕەخنەی گشتیی لەسەر ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتیی بورژوازیی، تا ڕادەیەک بە شێوەی گشتیی لەو گۆڤارەدا دەناسرێتەوە. لەگەڵ ئەوەش لە بواری بەکارهێنانی ئەو تیۆرییە، واتا بەرنامەی کردەی سیاسیی ڕاستەوخۆ، ڕوانگەی **یەکسانی** بە هیچ جۆرێک ڕوون و ئاشکرا نییە. بۆچوونەکانی ئەو لە چاپەمەنییەک ناسراو بە *بەرنامەی بڕوسێل*[19] لە ساڵی ١٨٧٨ دا بە ڕوونی دیاریی کراوە. ئەو بەرنامەیە دوای ئەوەی بنەما ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای سۆشیالیستی لە چوار خاڵدا باس دەکات، ڕایدەگەیێنێت کە

[15] Ludwik Waryinski
[16] Switzerland
[17] Ṙównosć
[18] Geneva
[19] Brussels Program

تێگەیشتن لەو بنەمایانە دەبێت ئەرکی «شۆڕشی گشتیی و نێودەوڵەتی» بێت. بەو پێیە بەرنامەکە درێژەی دەبێت و بڕێک لێڵ و ناڕوون، داوای بەستنی «پەیمانی فیدێڕاڵی لەگەڵ سۆشیالیستەکانی هەموو وڵاتانیتر» دەکات. سەبارەت بە هەوڵی کردەییش، بەرنامەکە تەنیا ڕاگەیاندنێکی ناڕوونی تێدایە کە دەڵێت «بنەمای هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە ڕێککەوتنی ئامراز و ئامانجەکانمانە». بە گشتیی ناویان دەنێن «ئامرازگەلێک کە لە پەرەسەندنی پارتەکەماندا بەشدارن» واتا: ڕێکخستنی هێزی خەڵک، بانگەشەکاریی زمانیی و نووسراوەیی سەبارەت بە بنەماکانی سۆشیالیزم و هەروەها سازدانی ئالۆزی و بشێوی، «واتا دەربڕینی ناڕەزایی و خۆپیشاندان و هەر جۆرە هەوڵێکی کردەیی کە دژی دۆخی ئێستای کۆمەڵگایە و لە گەڵ بنەماکانمان ڕێکدەکەوێت». دوای ئەوانەش ئاماژە دەکات بەوەی کە بە پێی ئەو بۆچوونە کە ململانێی یاسایی ڕەنگە سەرنەکەوێت، ئەو بەرنامەیە تەنیا «لە ڕێی شۆڕشی سۆشیالیستیەوە» بە ئاکام دەگات. خواستی سیاسیی، یان هەر جۆرە ئاماژەیەک بۆ کردەوەی ڕاستەوخۆ لەو بەرنامەیەدا دەس ناکەوێت.

هەر بۆیەش گرووپی **یەکسانی** جیاوازییەک ناخاتە نێوان سێ بەشەکەی پۆڵەندا. پرەنسیپەکان و هەوڵەکانی، ڕێک بە یەک شێوە لە گالیسیا Galicia و ناوچەی پۆسێن Posen یا کۆنگرەی پۆلندا بەکاردێنێت. لە ڕاستیدا ئەگەر سۆشیالیستەکان هیچ بەرنامەیەکی تایبەت دانەڕێژن کە لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەیەکی تایبەتدا گونجاو بێ، بەڵکوو باشتر وا بزانن دەبێت هەوڵ بدەن بۆ گەیشتن بە شۆڕشی سۆشیالیستی نێودەوڵەتی لە ڕێی جۆرە «ڕێکخراوەیەکی» کریکارییەوە، بەو پێیە هەلومەرجی نەتەوەیی_سیاسیی ئەو سێ بەشەی پۆڵەندا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە و پێویست ناکات بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ داڕێژرێت. بەو شێوەیە بەرنامەی گرووپی **یەکسانی**، نەک هەر دەکرا پووک وناپووک لە ئینگێلترا، فەرانسا یان ئەڵمانیا بەکار بێنرێ بەڵکوو بەتەنێ دەکرا لە بەشە جیاجیاکانی پۆڵەنداش کەڵکی لێ وەرگیرێ. ڕوانگەی سیاسیی

سۆشیالیزم لەو کاتەدا تەنیا لە یەک لاوە ڕوون دەبێتەوە و ئەویش ڕەتکردنەوەی سۆشیالیزمە لە مانای گشتیی نێونەتەویی خۆیدا. لە سەرەتای گۆڤاری یەکسانی لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «نیشتمانپەروەریی و سۆشیالیزم» ئاوا دەخوێنینەوە:

**سەبارەت بە پارتە نیشتمانییەکان [دەبێت بگوترێت] ئێستاش هەندێک گرووپی بچووک هەن کە بڕوایان وایە جارێکیتر "ئالای ئازادیی زێدی باب و باپیرانیان" دەشەکێننەوە و دەکەونە ناو گۆڕەپانی دوایین شەڕ دژی دوژمنان و دیسان لە ئەنجامدا وڵاتی باب و باپیرانیان لە باوەش دەگرنەوە! وەرن با سەری نەوازش دانەوێنین بۆ هەستی بێخەوشی ئەو کەسانە وا، ئەمڕۆش هەر وەک دوێنێ ئامادەن بۆ هەموو چەشنە لەخۆبوردووییەک. بەڵام ئێمەی سۆشیالیست هیچ شتێکی هاوبەشمان لەگەڵ ئەواندا نییە. نیشتمانپەروەریی و سۆشیالیزم دوو بیرۆکەی جیاوازن کە هیچ کات ناکرێت لەگەڵ یەکتر ڕێککەون.**

لە کۆبوونەوەیەک لە شاری جێنێڤا لە مانگی نۆڤەمبێری ساڵی ١٨٨٠دا، لودویک وارینسکی[20] بە پێداگرییەوە وتی:

> ئەوەی دانیشتنی ئەمجارەمان لەوانی تر جیا دەکاتەوە چۆنێتی پێوەندیی ئێمە لەگەڵ یەکترە واتا ئێمەی سۆشیالیستی پۆڵەندی لە گەڵ ئێوە هەڤاڵانی ڕووسیاییمان. ئێمە لە ڕۆڵی قارەمانانی دەوڵەتی پۆڵەندی داهاتوو، واتا هەمان ڕەعیەتە زوڵم لێکراوەکانی دەوڵەتی ڕووسیا، لە بەرامبەر ئێوەدا دانەنیشتووین، بەڵکوو نوێنەر و لایەنگری پرۆلیتاریای پۆڵەندین لە بەرامبەر ئێوە وەک نوێنەری پرۆلیتاریای ڕووسیا. ئایدیالەکانی هاوپەیمانێتی ئیسلاڤی[21]، کە خەونی دێرینەی باکونین[22] بوو، بە تەواوی بۆ ئێمە نامۆیە. سنوورەکانی ئێرە و ئەوێی دەوڵەتی پۆڵەندا کە نیشتمان پەروەرانمان وە جۆشوخرۆش دێنێت بۆ ئێمە هیچ

[20] Ludwik Warynski
[21] Slavic Confederation
[22] Bakunin

گرینگییەکی نییە. زێدی باب و باپیرانی ئێمە، هەموو جیهانە. ئێمە هاودەستی [گرووپی] «سی‌یەکان[23]» نین کە هەمیشە بە دوای ئەوەوەن ژمارەی خۆیان زیاتر کەن. ئێمە شەرڤانانی سالّی ١٨٦٣ نین کە تەنیا بە دوژمنایەتیی لەگەڵ سزار Czar پێوەندییان بەیەکەوە بوو و گیانیان لە پێناوی نیشتمانپەروەریدا لە دەست دا. ئێمە دوژمنی نەتەوەییمان نییە. ئێمە دێهاتین، ئەندامانی نەتەوەیەکی گەورە کە تەنانەت لە خەڵکی پۆڵەنداش چارەڕەشترە: **نەتەوەی پرۆلیتاریا**.

گۆڤاری **یەکسانی** تەنانەت بە زمانێکی ڕەقتریش لە سەروتارێکدا ڕایگەیاند:« ئێمە جارێک و بۆ هەمیشە بە بەرنامە نیشتمان پەروەرییەکان شکستمان هێنا؛ ئێمە نە پۆڵەندی فیئۆدالّمان دەوێت و نە دیموکرات؛ نەک نامانەوێن بەڵکوو زۆر چاک پێمل بووین کە شەڕ بۆ گەڕاندنەوەی پۆڵەندا لە لایەن خەڵکەوە، بیرۆکەیەکی پووچە».

جگە لەو بۆچوونە نێونەتەوەییە توندوتیژە، کە بە دڵنیاییەوە گرنگییەکی سیاسی ئەرێنیی زۆرتری لە ولاّتی ئێمەدا لە چاو ولاّتانی تر بووە، سۆشیالّیزمی ئەو کاتەی پۆڵەندا، سەبارەت بە خۆبواردن لە ململانێی سیاسیی، خزمایەتییەکی نائەنقەستی لەگەڵ ئانارشیزم لە خۆی نواند. ئەمڕۆکە ناکرێ دیاریی کەین ئەندامەکانی گرووپی **یەکسانی** بە ڕاستیی تا چ ڕادەیەک بۆچوونی ئانارشیستییان بووە. بەلاّم بە لەبەرچاوگرتنی تێپەڕینی خێرای ئەوان بۆ ئاستێکی سیاسیی پێگەیشتووانە تر، دەکرێت بڵێین جموجۆڵە ئانارشیستییەکان پتر لە هەموو شتێک، نیشانەی فرەڕەنگیی باوەڕەکان لە ناو گرووپەکەدا بوو.

جگە لەوانە ئەوە تایبەتمەندیی ڕوانگە درکێندراوەکانی [گرووپی] یەکسانیە کە هەلومەرجە نیشتمانی_سیاسییەکان لە هەموو ولاّتێک تەنیا دەتوانێت وەک کۆسپێک بێت لە سەر ڕێی ڕەوتی پێشکەوتنی ئینتەرناسیۆناڵ بەرەو سۆشیالّیزم. بناغەی

[23] Thirties

فرەچەشـــنی پـــارتە سۆشیالیســـتیە جیاجیاکـــان، هەر وەک چـــۆن تێکهەڵچـــوونە سیاسییەکان ئاکامی هەلومەرجە نەتەوەییە تایبەتەکانن، تەنیا وەک بەڵایەکی ناچار دەناسران: «ئاواتی ئێمە هاوپەیمانێتیی نێونەتەوەیی دەمێنێتەوە و ئەگەر هەلومەرجی سیاسی ڕێکخراوەیەکی بەرینی ئینتەرناسیۆنالی، هیچ کەندوکۆسپێکی دروست نەکرد و ئەگەر بەشـێکی هێـزە سۆشیالیستەکانیان نەکێشا بـۆ لای خۆیـان تـا شـەڕی دژی دەوڵەتیان پێبکەن، ئەو کاتە بناغەی ڕێکخراوەی سۆشیالیستی هاوبەش سەبارەت بە هەلـومەرجە ئابوورییەکـانیش ئامـادە دەبێـت». باشـترین شـتێک کە لەو بـابەتەوە وەردەگیرێ ئەو ڕاستییەیە کە پێکەوەلکێندرانی ئۆرگانیکی پێوەندییە ئابوورییەکان و ڕێکخـراوە حکوومییەکـان، لانی کەم بۆ هەندێک لە ڕێبەرانی گرووپی **یەکسانی**، لەو کاتەوە بە تەواویی بوو بە ڕازێکی نهێنیی. دەرسێکی بنەڕەتیی کە هەر ململانێیەکی چینـایەتیی پێمـان دەڵێـتەوە، ئەوەیە کە وادەردەکەوێـت ململانێـی سیاسـیی لە نـاخی گەوهەری خۆشـیدا هـیچ کـاریگەرییەکی لەسـەر ڕێبەرەکـانی گـرووپەکە نەبووە. ئەو قسەیە ویدەچێ لە سایەی ئەو ڕاستییە مەنتقی بێت وا کە چی گرووپی یەکسانی بۆ ئـاواتی ئایـدیالی یەکێتیی ئینتەرناسـیۆنالی تێدەکۆشـا، بەڵام لەبەریەک بڵاوبوونی ئەو یەکێتییە و لە دایک بوونی پارتە کرێکارییە جیاجیاکان لەر هەر وڵاتێک، دیاردەیەکی پێویست و پێشکەوتنانەیە لە قۆناغێکی تایبەتی ململانێی سۆشیالیستیدا.

بەڵام هەر وەک پێشـتر باسـمان کـرد، لە بەرنـامەي سۆشیالیسـتەکانی پۆڵەندیـدا گۆڕانکـارییەکی چـارەنووس سـاز ڕووی دا. لە هـاوینی سـاڵی ١٨٨١، ئیتـر دەتـوانین تێپەڕین بـۆ قۆنـاغی دووهەمـی پەرەگرتنـی بەرنـامەی گـرووپەکە لە ژێـر کـاریگەریی وارینسکیدا ببینین. بەرنامەی کرێکارانی گالیسیا Galicia لە یەکەم ساڵی گۆڤاری بەیان دا Przedswit ، بۆچوونێکی بەتەواوی پێگەیشتووانەی دامەزرێنەرانی پرۆلیتاریاکانمان پێ نیشـان دەدات، و هـاوکـات تایبەتمەنـدیی سیاسـی بەرنامەکەش بەتەواویی ڕوون

دەبێتەوە. هەڵبەت ڕوانگەی ئینتەرناسۆناڵ و دژەنەتەوەیی لێرەشدا ڕێک وەک قۆناغی پێشوو، ئاشکرایە. بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەی گرووپی وارینسکی، بە جێی درێژەدان بە بڵاوکردنەوەی بانگەشەکاریی لێڵ و ناڕوونی سۆشیاڵیستی، چوونە ناو بواری ململانێی سیاسیی کردەییەوە، تەنانەت دژەنەتەوەییبوونەکەشی ڕواڵەتێکی ئاشکرا و هەستپێکراوی بوو، و لە ڕوانگەی سیاسیی گشتیی گروپەکەشدا، پێگەیەکی گرنگی پەیدا کرد.

بۆ نموونە ئەگەر لە وتاری وارینسکیدا وای بۆ بچین، یەکگرتوویی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ڕووسیایی و بە نەرێنیی نرخاندنی ناسیۆنالیزمی پۆڵەندی، تەنیا لە تایبەتمەندیی نێونەتەوەیی ئامانجی کۆتایی سۆشیاڵیزمەوە سەرچاوەی گرتبێت و ئەوە ڕوانگە و بۆچوونی گرووپی **یەکسانی** بێت، هەر ئەو بۆچوونە بەڕوونیی لە لایەن گۆڤاری بەیادەوە Przedswit وەک بنەمای چکۆڵەترین بەرنامە، یان دروستتر بڵێین ستراتێجیی سیاسیی سۆشیالیستەکان، پەرەی پێ دەدرێت. ڕەخنەی وارینسکی لەسەر یەکێتیی سیاسی_کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەی **گەلی پۆڵەندی** Lud Polski کە لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٨٨١ لە ئاگادارییەکدا بەرنامەکەی ڕاگەیاند و ناوبانگی دەرکرد، بە شێوەیەکی تایبەتیی نوێنەری هەڵوێستی سیاسیی [لایەنی] **بەیانە**.

سۆشالیستەکانی تری گرووپی جێنێڤا، واتا *برزێزینسکی*، *یابلۆنسکی* و *پادلێفسکی*، دژی ئەو ئاگادارییەی وا باسکرا هەڵوێستیان گرت، چونکە جگە لە شتی تر، «**ئێمە هەر وەک ئاگاداریی گەلی پۆڵەندی دەڵێت**: ئامانجەکانی سۆشیاڵیزم وەکوو ئامانجەگەلێکی دوورەدەست و کۆتایی نابینین، بەڵکوو وەک تەنیا و تاقە ئامانجیان تێدەڕوانین. بۆیە کاتێک سۆشیالیستەکانی تری گرووپ هێشتا بەتەواویی لە پێوەندییەکانی نێوان ئامانجەکۆتاییەکان و بەرنامەی ڕاستەوخۆی سیاسی، بێئاگا بوون، وارینسکی زۆر بە ڕاشکاوییەوە دەنووسێت:

له بەرنامەی "**گەلی پۆڵەندی**"دا ئەو شتەی وا تازە باسم لێکردووە، بە هەڵکەوت نییە؛ ئەوە نەک هەڵەیەکی نەگونجاوی ساکار نییە بەڵکوو بەشێکی گرینگ لەو بەرنامەیەیە. بە پێچەوانەی هەموو بەرنامەکانی تری پارتی سۆشیالیست و دژی تیۆرییەکانی سۆشیالیزمی نوێ، ئەو بەرنامەیە کێشەی ڕزگاریخوازیی سیاسی_نەتەوەیی دێنێتە ئاستی ئەرکی هاوبەشی مرۆڤ بۆ ڕزگاریخوازی کۆمەڵایەتی_ئابووری. ئەو تێکهەڵکشانەی کێشە گشتی و تایبەتەکان بەو جۆرەی کە لەو ئاگادارییەدا هاتووە، تەنیا لە یەک تاکە بەرنامەدا دەگونجێ، ئەویش کاتێک کێشە تایبەتەکە وەک لانیکەمی داواکارییە دەسبەجێکان [24] لەبەرچاو بگیرێ. دەنا تێگەیشتن لەو شتە بەڕاستی ئەستەمە کە چۆن دەبێ ئەو جۆرە کێشە تاکانە کە سەرکوتی سیاسی لە ناوچە جیاجیاکانی پۆڵەندا سووکتر دەکەنەوە، دەکرێت لەگەڵ ڕزگاریخوازیی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی، بەرامبەر دانرێن. یان دەشکرێت بڵێین لەو حەقیقەتە کە ڕزگاربوون لە کۆیلەیی کۆمەڵایەتی_ئابووری، هاوکات بە مانای ڕزگاریی تاکەکان و گرووپەکان لە ستەمی مادی و مۆراڵیشە، تێگەیشتنکی لاواز دەردەکەوێت. هەر بۆیەش لابردنی ستەمی سیاسی_نەتەوەی لە بەرنامەی "**گەلی پۆڵەندی**"**دا** وەک بەرنامەیەکی لانیکەم لاوازداڕشتە دەبینم و دەبێت ئاوای باسکەم.

دوای ئەوەی وارینسکی لە چەند وشەدا بەرامبەر دانانی بەرنامەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لەگەڵ دوایین ئامانجەکانی سۆشیالیزم، بە هەڵە دانا هەر ئەو بنەمایە وەک ئەرکێکی هەنووکەیی بۆ پرۆلیتاریا لە قەڵەم دەدات:

بەبێ پرسیار لەوەی بۆ چی یەکێتی گەلی پۆڵەندی، ئەو بەرنامەی لانیکەمە ئاوا ناڕوون و تەماویی دادەڕێژێ و بەبێ پرسیاریش لەوەی کە بۆ چی ئەو

---

[24] Minimal Short-term Demand

بەرنــامەیە بە ئاشــکرایی وەک ئامــانجێکی دەمودەســتی هەوڵەکـانی دانــانێ، وا هەست دەکەم داڕشتنی بەرنامەیەکی ئاوا بۆ هەموو سێ بەشەکەی پۆڵەندا و بۆ هەر کامێکیشیان بەجیا، تەنیا کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەو هەوڵ و کارانە هەیە وا سۆشیالیستەکان دەبێت وەک ئەرکی کردەیی خۆیان لەبەر چاوی بگرن.

ئەو بەرنــامەی لانیکەمــە وا لە لایەن سۆشیالیســتەکانەوە داڕێــژرا، داخوازی ململانێی ڕۆژانە لەگەڵ سەرمایەیە. ئامانجی ئەوان «ژیانەوەی دووبــارەی نەتەوەیــی» نیــیە بەڵکــوو پەرەپێــدانی مــافە سیاســییەکانی پرۆلیتاریایە بۆ ئەوەی بکرێت پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ ململانــێ لەگەڵ بــورژوازیی، وەک چینێکــی سیاســی_کۆمەڵایەتی، زێــدە کاتەوە.

«بەرنامەی پارتی کرێکارانی گالیسیا»ش هەر لە بابەتگەلێکی ئاوا پێکهاتبوو، ئەگەر چی نەک تەنیا بۆ خەڵکی پۆڵەندا، بەڵکوو بۆ گرووپە جۆراوجۆرەکانی پرۆلیتاریای ئەو نەتەوانەش نووسرابوو کە خۆیان لە ژێر ئاڵای تەنیا یەک پارت لە گالیسیا ڕێکخستبوو. ئەو ڕاستییە دەبێت وەک وڵامێک بۆ ئەو کەسانە بە کار بێنرێت کە دەیانەوێت سەبارەت بە هەلومەرجە تایبەتەکانی گەشەکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا قسە بکەن. هەروەها بە قارەمانەکانی سۆشیالیستیشمان ڕادەسپێرین کە تۆزێک زیاتر سەبارەت بەو ڕاستییە بیربکەنەوە.

بەڕوونی دیارە کە بزووتنەوەی سۆشیالیستی لە *پۆسێن* هەر بەو ڕێگەیەدا دەڕوات کە لە *گالیسیا*ش دەچێت. لەوێش کرێکارانی پۆڵەندی و ئەڵمانیایی یەکدەگرن بۆ دروستکردنی ڕێکخراوەیەکی بەهێز کە نەک مەرجی پێوەندیگەلی هەتاهەتایی تێدایە بەڵکوو لە ناوەرۆکی خۆیدا،

> لەسەر بنەماکانی یەکپارچەیی نێونەتەوەیی دامەزراوە ... هیچ گومانێکمان نییە کە لە **کۆنگرەی پۆڵەندی**، ئەو کەسانەی بە باشی لە پێویستبوونی سۆشیالیزم تێدەگەن و ئەوانەی وا بە ڕاستی خۆیان تەرخاندەکەن لە پێناوی سۆشیالیزمدا، لەوێش هەر بەرەو ئەو ئاراستەیە، بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی بەیەکەوە تێدەکۆشن.

ئێمە لەسەر ئەو قسەیە زۆر ماینەوە چونکە، وەک چۆن خوێنەرێک بە زانستێکی ورد و گشتیی لەمەر بیرۆکەی سۆشیالیستی نوێش تێدەگات، ئەو بابەتە نموونەیەکی سەرەکییە لە باوەڕی سۆشیال دیموکراتی. ئەو شتەی وا هەڵویستی سۆشیال دیموکرات لە بزووتنەوە سۆشیالیستیەکانی تر جیا دەکاتەوە، بەر لە هەموو شتێک، تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەوە لەمەڕ تێپەڕین لە کۆمەڵگای نوێ بۆ کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی. واتا تێگەیشتنی ئەو لە پێوەندیی نێوان ئەرکە پێویستەکانی هەنووکەیی سۆشیالیزم و ئامانجە دوایینەکانی ئەو.

لە ڕوانگەی سۆشیال دیموکراسییەوە کە بنەمای بۆچوونەکانی لەسەر سۆشیالیزمی زانستیی دادەنێت، تێپەڕین بۆ کۆمەڵگای سۆشیالیستی تەنیا دەبێ لە ڕێی گەشەکردنی قۆناغ بە قۆناغ لە ماوەیەکی کورت یان درێژدا ببێت. ئەو گەشەکردنە بێگومان ڕێگر نییە سەبارەت بە پێویستبوونی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگادا لە ڕێگەی بشێوی و هەڵگێڕانەوەی سیاسیی توندوتیژانە، واتا ئەو ئانارشیزمەی کە زۆرتر شۆڕشی پێدەگوترێت. ئەمە لە حاڵێک دایە کە ئەگەر کۆمەڵگای بورژوا لەوە پێش قۆناغە پێویستەکانی گەشەکردنی تێنەپەڕاندبێ، ئەو شۆڕشە ئەگەری پێشهاتنی نابێ. ئەو گەشەکردنە دەبێت لە فاکتەری ئۆبجێکتیڤی گۆڕانی سۆشیالیستی، لەناو کۆمەڵگای کاپیتالیستیی و هەروەها فاکتەری سۆبجێکتیڤی چینی کرێکاریشدا ڕووبدا.

ئەگەر لە بنەمای سۆشیالیزمی زانستییەوە دەسپێبکەین دەڵێت«ڕزگاریی چینی کرێکار تەنیا بە دەستی چینی کرێکار خۆی دەبێت». سۆشیال دیموکراسیی دان بەوە دا دەنێت کە چینی کرێکار بەو شێوەیە دەتوانێت ئەو گۆڕانکارییە، کە هەمان شۆڕش بۆ تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستیە، ئەنجام بدات. مەبەست لە چینی کرێکار جەماوەری گشتیی کرێکارانی ڕاستەقینەیە و لە سەرووی هەموانیش پرۆلیتاریای پیشەسازە. کەوابوو مەرجی پێشەکیی بۆ گۆڕان بەرەو سۆشیالیزم دەبێت زاڵ بوونی هێزی سیاسی چینی کرێکار و دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بێ کە هەنگاوێکی پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاری ئەو ئاڵوگۆڕە.

بەڵام جەماوەری کرێکار بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەرکە دەبێت بە تەواویی لە ئامانجەکەیان ئاگادار بن و ببن بە جەماورێک کە وەک چینێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراون. لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگای بورژواش دەبێت گەیشتبنە ئاستێکی ئابووریی و سیاسی کە ڕێگەبدات بۆ بەدیهێنانی دامەزراوە سۆشیالیستیەکان. ئەو مەرجەپێشەکییانە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و لەسەر یەکتر کاریگەرییان هەیە. بە بێ هەبوونی هەلومەرجێکی تایبەت کە ڕێگە بە ململانێی چینایەتی ئاوەڵا بدا، واتا بە بێ هەبوونی دامەزراوە دیموکراتیکەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، چینی کرێکار ناگات بە ڕێکخران و بەئاگابوون. و بە پێچەوانە گەیشتن بە ئاستی دامەزراندنی ڕێکخراوەی دیموکراتیک لە دەوڵەتدا و تەشەنەکردنیان بۆ ناو چینی کرێکار ناتوانێ بوونی هەبێت مەگەر بە ململانێی کردەیی پرۆلیتاریای بەئاگا و ڕێکخراو، لە کاتێکی مێژوویی تایبەتدا و لە قۆناغێکی تایبەت لە ڕەوتی پەرەسەندنی دژایەتیی چینایەتیدا.

ڕێگە چارەی ئەو پاڕادۆکسە ئاشکرایە لە پرۆسەیەکی دیالێکتیکیی ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریا دایە کە خەریکی شەڕ بۆ دەستەبەرکردنی مەرجە دیموکراتیکەکان لە دەوڵەتدان و هاوکات لەگەڵ ئەوەش بۆ خۆڕێکخستن و وەدەسهێنانی ئاگاداریی چینایەتی تێدەکۆشن. چونکە ئەو ئاگاداریی چینایەتی و

بەڕێکخراوەبـــوونە، خـــۆی لە ململانێـــدا دەســـتەبەری دەکـــات دەگـــاتە ئاســـتی بە دیمـــوکراتکردنی دەوڵەتـــی بـــورژواش و بە لەبەرچـــاوگرتنی ئەوەی کە خـــۆی بە تێکۆشان پێی دەگات، دەوڵەتی بورژوایش دەگەیێنێتە ئاستی شۆڕشی سۆشیالیستی.

بنەمـــا ســـەرەتاییەکان بـــۆ هەوڵـــی کردەیـــی بـــۆ سۆشـــیال دیموکراســـیی، بەستراوەتەوە بەو تێگەیشتنەی سەرەوە: واتا ململانێی سۆشیالیستی دەبێت ململانێی جەمـاوەری پرۆلیتاریـا بێت. ئەو کـارە دەبێت بە شـێوەی ململانێـی ڕۆژانە بێت بـۆ بەدیمـوکراتی کردنـی دەوڵەت، بـۆ ئەوەی ئاسـتی عەقڵانیـی و مـادی چینـی کرێکـار پەرەپێبدەن و هاوکات جەمـاوەرە کرێکارەکان وا ڕێکخەن کە ببنە پارتێکی سیاسیی تـــایبەت کە بە ئاگـــاداریییەوە لە ململانێـــی کردەیـــی خۆیـــان بەرەو شۆڕشـــێکی سۆشیالیستی، بەرهەڵستی هەموو کۆمەڵگای بورژوایی دەبنەوە.

ڕێککەوتنـــی ئەو بنەمایـــانە لەگەڵ بـــزووتنەوەی سۆشیالیســـتی پۆڵەنـــدا و بەکارهێنانیـــان بـــۆ ئەو بـــزووتنەوەیە، ئەرکێکـــی یەکجـــار گرنـــگ و دژوار بـــوو. بە پێچەوانەی وڵاتـانی ئەورووپـی ڕۆژئـاوایی، دۆخـی سۆشیالیستەکان لە پۆڵەندا زۆر ئاڵۆز بوو؛ لە لایەک بە هۆی سێ جۆر هەلومەرجی سیاسیی جیاواز کە پرۆلیتاریـای پۆڵەندی دەبێت لە سایەیدا بژی لە **سێ بەشی جیاوازی پۆڵەندا** ـ ئەو بابەتە بەتـایبەت ســـەبارەت بە هەلـــومەرجە جیاوازەکـــانی گرنگتـــرین بەشـــی پۆڵەنـــدا، واتـــا نـــاوچەی ڕووسیایی، زۆر ڕاستە و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی پرسی نەتەوەیی.

ئەو ئەرکە گرنـــگ و ئەســـتەمانە، بـــۆ یەکەم جـــار لە مێـــژووی بـــزووتنەوەی کرێکاریی پۆڵەندیدا، لە لایەن لودویک وارینسکییەوە بەڕێوە چوو کە [بۆ ئەو کارە] بنەماگەلێکی دیموکراتیکی سۆشیالی زۆر بە ڕوونی و بە وردی دارشت. نە لە کاتی

ژیانی ئەودا و نە پێش ئەویش، هیچ کات لێدوانێکی ئاوا یەکلایی کەرەوە لای سۆشیالیستەکانی تری پۆڵەندی نابیسین.

وارینسکی سەبارەت بە پرسی نەتەوەییش، دووبارەسازکردنەوەی پۆڵەندا هەر بەو جۆرە دابەشکارییەی پێشوو کە گرووپی **یەکسانی** ڕایانگەیاندبوو، ڕەت دەکاتەوە؛ بەڵام چارەی کێشەکە لە ئاستێکی بەتەواویی جیاوازدا دێنێتە گۆڕێ. گرووپی **یەکسانی** پێیان وابوو هەڵوێستی نەرێنیی ئەوان سەبارەت بە حەزی نەتەوەگەری بە هۆی دژایەتی ئەو جۆرە حەزانەیە لەگەڵ ئامانجە ئینتەرناسیۆناڵیستەکانی سۆشیالیزم و هەروەها بە هۆی بێمەیل بوونی خۆی گرووپەکە بە گشتی بۆ خۆتێوەردان لە کاری سیاسیشە. بەڵام وارینسکی بەرنامەی نەتەوەگەریی بە هۆی ئامانجە کۆتاییەکانی سۆشیالیزم ڕەت ناکاتەوە بەڵکوو پێی وایە کێشەگەلێکی گرنگتر لە پێشەوە هەن و دەبێت لەبەر چاو بگیرێن. ئەو سیاسەتی کرێکاران لە بەرامبەر سیاسەتی نەتەوەگەریی دادەنێت.

چونکە ئامانجی هەوڵی ڕۆژانەی پارتی پرۆلیتاریا، ڕێکخستن و ڕوونکردنەوەی چینی کرێکارە، وارینسکی وای بۆ دەچێ کە بەرنامەی ئەو نە وەلانان و نە دامەزراندنی دەوڵەتە. بەڵکوو بەرنامەکەی دەبێت دەستەبەر کردن و پەرەپێدانی ئەو مافە سیاسییانە بێ کە یەکجار پێویستن بۆ ڕێکخستنی ئەو جەماوەرەی وا لە ناو خۆی دەوڵەتی بورژوا دان و لەوێدا چالاکن.

وارینسکی دوو بنەما بۆ بەرنامەی سیاسەتی سۆشیال دیموکراتیک بۆ پرۆلیتاریای پۆڵەندا پێناسە دەکات:

یەکەم: ناسینی دۆخی مێژوویی و حکوومیی ئێستا وەک مەرجێک دانرێت بۆ خاڵی دەسپێکی کرداری سیاسیی؛ دووەم: ئامانجی کردەوە سیاسییەکە ببێتە بەدیموکراتکردنی ئەو دۆخە سیاسییە کە هەیە.

بەوپێیە ئەگەر ئەنجامێکی نەرێنیی کە لەو بنەمایانەوە دەرکێشرا، ڕەتکردنەوەی بەرنامەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی پۆڵەندی بێت، ئاکامەکەی دەبێتە داڕشتنی بەرنامەیەکی سۆشیال دیموکرات یان لەویش چاکتر سێ بەرنامەی جیاجیا بۆ پرۆلیتاریای پۆڵەندا. ئەگەر هەلومەرجی سیاسیی هەر کام لەو سێ بەشەی پۆڵەندا، بۆ دیاریکردنی کارێک کە لە لایەن پرۆلیتاریاوە دەبێت بکرێت، وەک بابەتێکی یەکلاییکەرەوە چاو لێکەین، دەبێت بزانین کە ناکرێت تەنیا یەک تاقە بەرنامە بۆ هەموو کرێکارانی هەر سێک بەشەکەی پۆڵەندا ڕەچاو کرێت، و دوای ئەوەش لە هەر کام لەو ناوچانەدا بەرنامەکە دەبێ بۆ هەموو گرووپە نەتەوەییەکان وەک یەک بەکار بێنرێت.

وارینسکی ئەوبابەتە لە وتارەکەی پێشووتری سەبارەت بە ناوچەی *پۆسێن* و *گالیسیا* باس دەکات. ئەم بابەتە لە پێشدا سەبارەت بە ناوچەی ڕووسیایی [پۆڵەندا] لە بەڵگەیەکی دواتر دا هاتە گۆڕ کە بەرهەمی ژیرانەترین و پێگەیشتووانەترین لێکدانەوەی وارینسکی و گرووپەکەیەتی لە گەرمەی تێپەڕینی قۆناغی ناوەڕاستی سۆشیالیزمی پۆڵەندا، ڕێک بەر لە دامەزراندنی فەرمیی پارتی پرۆلیتاریا. **ئەو بەڵگەیە، داواکارییەکە کە لە ڕۆژی ٨ ی ساڵی ١٨٨١ بۆ سۆشیالیستەکانی ڕووسیا لە لایەن هەندێک لە ئەندامانی پێشووی گرووپی یەکسانی و ستافی گۆڤاری سۆشیالیستی بەیان ـەوە بوو کە لە ڕۆژی یەکەمی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٨٨١دا چاپ کرا** لە لایەن [گۆڤاری] **بەیان** ـەوە دەرچوو. مەبەستی ئەو داواکارییە پێملکردنی سۆشیالیستەکانی ڕووسیا بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڤالانی پۆڵەندیي خۆیان بەرنامەیەکی هاوبەش داڕێژن. ئەوە بەرچاوترین ئەنجام و داهاتێک بوو کە لە بنەماکانی وارینسکی کەوتەوە. جیا لە ئەنجامەکەی، چۆنیەتیی سەلماندنی ئەو بابەتە

لە لێکدانەوەی ڕوون و پێداگرانەی واریسنکی‌دا، ئەوەندە جێی سەرنجە کە گومانێکمان نامێنێت بۆ ئەوەی تەواوی بەشی کۆتایی بەڵگە کە لێرەدا بێنینەوە:

دوای شیکردنەوەی گرنگیی ململانێی سیاسیی لە ڕووسیا و دابەزینی مێژووی گرنگایەتی پرسی پۆڵەندا، داواکارییەکە بەو قسانە کۆتایی پێ دێت:

بە کورتی دەڵێت:

A. سۆشالیزم لێرە و لە هەموو جێیەکی تر، کێشەیەکی ئابوورییە کە لەگەڵ کێشەی نەتەوەیی هیچ خاڵێکی هاوبەشی نییە و لە کردەوەشدا ڕواڵەتی ململانێی چینایەتیی بە خۆی دەگرێت.
B. گەرەنتییەکانی پێشکەوتی ئەو ململانێیە و سەرکەوتنی داهاتووی پرۆلیتاریا لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا بریتین لە:

یەکەم: زۆرترین ئاستی پەرەسەندنی ئاگایی سۆشیاڵیستی جەماوەری کرێکار.

دووەم: ڕێکخستنیان وەک چینێک لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی چینایەتی

C. بۆ تێگەیشتن لەو ئامانجانە، ئازادیی سیاسی پێویستە. نەبوونی ئازادی، ئاستەنگێکی گەورە دەخاتە بەر دەم ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکاران.

دواتر، هاوڕا لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی وا لە باسی نێوان گرووپی یەکسانی و هەڤاڵە ڕووسییاییەکانیان لە ساڵای پێشتردا دەسکەوت:

- کەسایەتیی ڕێکخراوەی **سۆشیاڵ شۆڕشگێڕیی** تەنیا لە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییە گشتییە ئابوورییەکان و دۆخی سیاسییدایە.
- ڕێکخستنی پارتی سۆشیالیست لە لایەکەوە لەسەر بنەمای هەلومەرجە ئابوورییەکـــان و لە لایەکـــی تـــرەوە بە پێـــی هەلـــومەرجە سیاسی_حکومیەکانی سەردەم دەستەبەر دەکرێت. سەبارەت بە بابەتی دواتـر، چوارچێـوە نەتەوەییەکـان، نـاتوانن ببـنە بنـاغە بـۆ ڕێکخسـتنی پارتەکە.
- کەوابـــوو بەو پێـــیە پـــارتی سۆشیالیســـتی پۆڵەنـــدا، ناتوانێـــت وەک یەکێتییەکی یەکدەست و هاوتوخم، بوونی هەبێت. تەنیا دەکرێت گرووپ گەلێکی سۆشیاڵیستی پۆڵەندی لە نەمسا، ئەڵمانیا یان ڕووسیا هەبن کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تایبەتدا لەگەڵ ڕێکخراوە سۆشیاڵیستیەکانی نەتەوەکانی تر، ڕێک بکەون و یەکێتیی دروست دەکەن. ئەو شتە ڕێگر نییە لەوەی کە لەگەڵ یەکتـر و تەنـانەت ڕێکخـراوە سۆشیاڵیسـتیەکانی تریش لە پێوەندیدا بن.

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین ئەو خاڵانەی خوارەوە دەتوانن ڕێنوێن بن:

یەکەم: سـەرکەوتنی ململانێیـی تیرۆریسـتیی بـۆ ئـازادیی سیاسـیی لە ڕووسـیادا، بە هاوکـاریی جەمـاوەری کرێکـاریی ڕێکخـراوی هەمـوو نەتەوەکـانی نـاو دەوڵەتـی ڕووسیاوە بەندە.

دووەم:  پێـداگریی لەسـەر کێشـەی نەتەوەیی_سیاسـی پۆڵەنـدی تەنیـا دەتوانێـت بە زیانی ململانێکردن بۆ ئازادیی سیاسیی لە ڕووسیادا بێت؛ نەتەوەگەریی تەنیا زیان دەگەیێنێت بە چینی کرێکار.

ئەگەر بڕوانینە هەمـوو ئەوشـتانەی وا لە سـەرەوە بـاس کـراوون، بەو ئەنجامـانەی خوارەوە دەگەین:

1 )دامەزرانـدن و ڕێکخسـتنی پـارتێکی سۆشیالیسـتی هـاوبەش کە بریتیـی بـێ لە کۆمەڵێـک ڕێکخـراوەی سۆشیالیسـتی نەتەوە جۆراوجۆرەکـانی نـاو ڕووسـیا، پێویستییەکی تەواوی هەیە.

2 ) یەکگرتنی ئەو گرووپانەی کە لەوە پێش هەر کام بە جیا لە سەنگەرە ئابووریی و سیاسـییەکاندا شـەڕیان دەکـرد بـۆ بەهێزوپێزترکردنـی ململانێـی یەکپـارچە، بە تەواویی پێویستە.

3 )دارشـتنی بەرنـامەیەکی سیاسـیی کە بـابەتی هاوبەشـی هەمـوو سۆشیالیسـتە چالاکەکـانی نـاو ڕووسـیایە و هەمـوو هەلـومەرجە باسـکراوەکانی سـەرەوە دەستەبەر دەکات، یەکجار گرینگە.

کـورتە سـەرنجێک بەسـە بـۆ ئەوەی دڵنیـا بـین لێـرەدا، سـەبارەت بە بـزووتنەوەی سۆشیالیستی لە پۆڵەندا، بەڵگەیەکی یەکجار گرنگمـان بە دەستەوەیە. بەڕوونـی دیارە «داواکارییەکەی مانگی دیسەمبەری سـاڵی ١٨٨١» بەرنـامەیەکی سیاسـیی دادەڕێژێت کە تـا ڕادەیەک سۆشـیال دیمـوکراتیکە و بە تەواوی لەگەڵ بۆچوونەکـانی سـەردەمی «سۆشیال دیموکراسیی لە پاشایەتیی پۆڵەندا و لیتوانیا» یەک دەگرنەوە.

ئەو بابەتە، هەم سەبارەت بە بنەما گشتییەکان، واتا نەگونجانی بەرنامەیەکی هـاوبەش و ڕێکخراوەیەکـی هـاوبەش بـۆ هەر سـێ بەشـەکەی پۆڵەنـدا، و ناچـار بـوون لە هەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەو سۆشیالیستانەی لە ژێر دەسـەڵاتی هەر کـام لەو بەشانە دان، و هەم سەبارەت بە ڕەت کردنەوەی بێ ئەملا و ئەولای بەرنامەکانی سـەربەخۆیی بـۆ پۆڵەنـداش، ڕاسـتە. بەڵام گرنگتـر لە هەمـوان ئەوەیە کە داواکـاریی [گۆڤـاری] **بەیـان** و پێشـتریش **یەکسـانی**، بـۆ یەکەم جـار بەرنـامەیەکی ئەرێنـی بـۆ

سۆشیال دیموکراسیی بۆ ناوچەی ڕووسیا دادەڕێژن: [ئەوەش واتا] سەرکەوتنی ئازادییە سیاسییەکان لە چوارچێوەی یاسای دەستوور لە ناو ڕووسیا.

بەڵام ئەوە هەموو باسەکە نییە. خوێنەری وریا سەرنج دەداتێ کە وارینسکی و هەڤاڵانی، هەر لە ناو دەقی داواکارییەکەدا پێشبینی ئەوە دەکەن کە سۆشیالیستەکانی ڕووسیا، خۆشیان هەر ئەو ئامانجە بۆخۆیان دادەنێن. لە داواکارییەکەدا بەئاشکرایی باسی هەوڵەکانی **ئیرادەی گەل** Narodnaya Volya دەکەن. ئەوان، بێ هیچ بیرکردنەوەیەکی تر، باس لە «هەوڵی تیرۆریستی بۆ ئازادیی سیاسی لە ڕووسیا» دەکەن و زۆر بە ساکاری ئەو هەوڵە تیرۆریستییە لە لایەن بەشی پارتی ڕووسیا، وەک تەکتیکێکی ململانێکردن دەبینن بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتداریی سزار و چەسپاندنی ئازادییە سیاسییەکان، لە مانای ئەورووپی خۆیدا. هەروەها کاتێک دەڵێن تیرۆریزمی [گرووپی] **ئیرادەی گەل**، کاتێک لە لایەن کردەی بەئاگای چینی کرێکاری ڕێکخراو، لە هەموو وڵاتدا لایەنگریی دەکرێ، تەنیا مانای سیاسی هەیە، هەوڵدەدەن تا ئەو جێیەی دەکرێت ئەو بۆچوونە لە تیۆریی سۆشیال دیموکراسیدا هەرچۆن بووە بچەسپێنن.

هەڵبەتە هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئەمڕۆکە کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن سۆشیال دیموکراسی، چ لە پۆڵەندا و چ لە ڕووسیا، وەک شێوەیەکی شیاو و گونجاوی ململانێ کردن نابینرێت. سۆشیال دیموکراتەکان کە ئیتر خاوەنی ئەزموونی پارتی پرۆلیتاریا و **ئیرادەی گەل**یشن، تێدەگەن کە تیرۆر، نەک نابێت لەگەڵ ململانێی جەماوەریی چینی کرێکار تێکەڵاو کرێت بەڵکوو تەنانەت ململانێکە دژوارتر و مەترسیدارتریش دەکات. بەڵام وارینسکی و هەڤاڵانی لە ساڵی ١٨٨١ نەیاندەتوانی ئەو تێگەیشتنەیان ببێ. ئەوان ناچار بوون وابزانن تیرۆریزم لە ڕووسیا پێویستە و بەکەڵکیشە؛ چونکە لەو کاتەی کە ئەوان **داواکارییەکە**یان ڕاگەیاند، پارتی تیرۆریستی ڕووسیا لە ئەوپەڕی هێزی خۆیدا بوو و لە ڕاستییدا خەریک بوو بەردی بناغەی سزاریزمی Czarism دەهەژاند. هەروەها دەتوانین بە دروستی سەرنج بدەینە

ڕوانگەیەکی هاوشێوە لە چاپەمەنییە سەرەکییەکانی سۆشیال دیموکراتی ڕووسیا کە هەموو بنەمای کردەیی و تیۆریکی **ئیرادەی گەل** ـیان تاوتوێ کرد، هەڵبەت چوار ساڵ دوای ئەوەی وارینسکی ڕوانگە و هەڵوێستەکەی خۆی داڕشتبوو.
کەوابوو لێرەدا ئەوەی کە زەقترین ڕاستییە، بە فەرمی ناسینی کەڵک وەرگرتن لە خۆی تێرۆر نییە بەڵکوو زۆرتر ئەو ڕاستییەیە کە داواکارییەکەی سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی هەوڵ دەدات هەم ئامانج گەلی سۆشیال دیموکراسی و هەم بنەمایەکی بەرین بۆ ململانێی چینایەتی، بۆ تێرۆریزم دابین کات.
هەندێک دواتر دەردەکەوێت کە تێگەیشتنی سۆشیالیزمی ڕووسیا ئەوکات تا چ ڕادەیەک لەگەڵ واقعیەت یەک دەگرێتەوە. بەڵام لایەنێکی تری بابەتەکەش هەیە کە گرنگە. گرووپی وارینسکی، هاوکات لەگەڵ پەرەپێدان بە بەرنامەکەیان، گەیشتنە ڕوانگەیەکی تۆخ لە سۆشیال دیموکراسی و لەو ڕوانگەیەوە بەدوای یەکپارچەکردنی بەرنامە و کردار لەگەڵ سۆشیالیستەکانی ڕووسیاوە بوون.
ئەو پێگەیە، بەرزترین خاڵی پێشکەوتنی بنیاتنەرانی پرۆلیتاریایە و هەروەها خاڵی بادانەوەشە لە مێژووی ئەواندا. وارینسکی و هەڤاڵانی هەر کە دوایین ئەنجامەکانیان دیاريي کرد لەڕێوە بەرنامەکەیان بە شێوەی کردەیی بۆ ڕێکخستنی فەرمیی پارتی پرۆلیتاریا لە پۆڵەندا بەکار هێنا. ئەوە سەرەتای سێهەمین و دوایین قۆناغی گەشەکردنی پارتەکە بوو.

## III

داواکارییەکەی هەڤاڵانی ڕووسیا نیشانی دەدات کە سۆشیالیستەکانی پۆڵەندا لە کۆتایی ساڵی ١٨٨١ لەمەڕ ئەو دوو خاڵەی خوارەوە گەیشتبوونە پێگەی سۆشیال دیموکراتیک:

1. له بنەمای گشتیی‌دا، واتا بەرنامەی سیاسی پرۆلیتاریای پۆڵەندا دەبێت لەگەڵ بەرنامەی پرۆلیتاریای وڵاتە داگیرکەرەکان هاوشێوە و هاوبەش بن و
2. سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە لە ناوچەکانی ناو چوارچێوەی ڕووسیادا، ئەو بەرنامەیە دەبێت هەم هەڵگەڕاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتیی تاکەکەسی بۆ ئازادیی سیاسیی و هەم شێوەی دیموکراسیی پەڕلەمانیی دەوڵەت لە خۆ گرێت.

ئەگەر چی ئەو دوو ئەنجامە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و لە بواری مەنتقییەوە یەکتر یاریدە دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر کە سۆشیالیستەکانی پۆڵەندا ویستیان ئەنجامی بەن، کەوتنە دژایەتییەوە. بنەمای گشتیی سۆشیال دیموکراتیک، وای هاندان کە بە دوای یەکپارچەکردنی بەرنامە و کردەوەوە لەگەڵ سۆشیالیستەکانی ڕووسیاوە بن. بەڵام سۆشیالیزمی ڕووسیای ئەوکات، بە هیچ جۆریک سۆشیال دیموکراسی نەبوو. .........

سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی دەیانزانی ململانێ دژی سزاریزم، تەنیا لە ڕێی ڕێکخستنی چینی کرێکار دەکرێ، بەڵام سۆشیالیستەکانی ڕووسیا جەماوەریان نەهرووژاند و نە لە تیۆریی و نە لە کردەوەدا بنەمای [بیر و بۆچوونی] خۆیان لەسەر چینی کرێکار دانەنا. لە ڕاستیی‌دا **ئیرادەی گەل** شەڕی نەدەکرد بۆ ئەوەی «مافی سیاسیی پرۆلیتاریا پەرەپێبدات» یان «خوڵقاندنی دامەزراوە جەماوەرییەکان بۆ ململانێ لەگەڵ بورژوازیی» داسەپێنێ، ئەو جۆرەی کە وارینسکی لە جەوهەری سۆشیال دیموکراسیدا، چەمکەکانی بەرنامەیەکی سیاسیی دارشتبوو. **ئیرادەی گەل** تەنیا بۆ «بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات» شەڕی دەکرد. ئامانجی ئەوان دامەزراندنی دەسبەجێی شێوەگەلی ڕاگوێزەری گۆڕانکاریی سۆشیالیستی بوو. بەڵام **ئیرادەی گەل** لەو دەسەڵات گرتنەشدا بە کردەوەی جەماوەری بەئاگای چینایەتیی یان ڕێکخستن و ململانێی پرۆلیتاریا نەبەسترابوە بەڵکوو پشتی بە پلانرێژیی ئاژاوەگێڕانەی «کەمینەیەکی بوێر» گەرم بوو. کەوابوو بنەما یەکلاکەرەوەکانی وارینسکی کاتێک

دەهــاتنە بــواری کــردەوە ناچــار دەگەیشــتن بە بنبەســت. ئەگەر بــزووتنەوەی سۆشیالیستی لە ڕووسیای ئەو کات لەسەر بنەمایەکی پتەوی سۆشیال دیموکراتیک دانرابوو، هەر وەک ئێستاش چەن ڕێکخراوەیەکی دەگمەن نەبێت هەموو وان، بەو پێیە بنەماکانی بنیاتنەرانی پارتی پرۆلیتاریا لە لایەکەوە دەگەییشتن بە هاوکاریی هاوبەشانەی تەواوی نێوان سۆشیالیستەکانی ڕووسیا و پۆڵەندا و لە لایەکی ترەوە هاتنە ئارای بزووتنەوەیەکی کرێکاریی لە سەرەتای هەشتاکاندا، کە تایبەتمەندی سۆشیال دیموکراتیکی بەئاگای هەبێ.

چونکە لە کاتی دامەزرانی پارتی پرۆلیتاریا، جگە لە جۆرێک پارتی پلانڕێژی بلانکیست، هیچ بزووتنەوەیەکی سۆشیال دیموکراتیک لە ڕووسیا ڕێک نەخرابوو، سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی خۆیان لە دووڕییانێکی[25] دژواردا دۆزییەوە. ئەوان بۆ ئەوەی بەرنامەی سۆشیال دیموکراتیکی خۆیان بپارێزن، و بەهاندان و ڕێکخستنی جەماوەریی کرێکارانی پۆڵەندی، دەست بکەن بە ململانێ بۆ ڕوخاندنی تەختی سزاریزم لە پۆڵەندا، دەیانتوانی یان یەکپارچەبوونی بەرنامە و کردەوە لەگەڵ سۆشیالیستەکانی ڕووسیا وەلانێن یان بەرنامەی سۆشیال دیموکراتیکی ئەوان و دیاردەی ململانێی جەماوەرییەکەی ڕەت کەنەوە و خۆیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی ڕەوشتەکانی **ئیرادەی گەل** بۆ ئەوەی بنەمای یەکبوونی کردەوە لەگەڵ سۆشیالیزمی ڕووسیا ڕەچاو کەن.

کردنەوەی گرێی ئەو دووڕییانەیە، کە بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ، بۆ چارەنووسی سۆشیالیزمی پۆڵەندا زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوە بوو؛ بەڕاستی چارەنووس ساز بوو. بەڵام بێگومان دەزانین کە هەڵبژاردنی بژاردەی دووهەم لەو هەلومەرجەی ئەوکات دا زۆر سروشتیی و فامهەڵگر بوو. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە خۆی ڕووسیا دەبوو وڵاتێکی یەکلاکەرەوە بێت بۆ ململانێي پۆڵەندی دژی سیستەمی دەسەڵاتداری ڕووسیا؛ و پۆڵەندی کۆنگرە تەنیا وەک بابەتێکی پلە دوو هاتە ژێر پرسیارەوە؛ و

[25] Dilemma

**ئیرادەی گەل** هەم لە بواری [ڕێژەی] ئەندامێتی و هەم گرنگیی سیاسی، یەکجار لە پێش پارتی سۆشیالیستی پۆڵەندا بوو؛ و کاتێک پارتی پرۆلیتاریا هێشتا بەتەواویی خۆی نەگرتبوو، **ئیرادەی گەل** تا ئەو کاتە سەرکەوتنێکی مۆراڵی و سیاسیی زۆر گرنگی لە هەوڵ بۆ کوشتن لە نۆزدەی مارس دەستەبەر کردبوو کە وێدەچوو بەرنامە و ستراتێجیی **ئیرادەی گەل** لەبەر چاوی هەموو دونیا بسەلمێنێت لەژێر هەموو ئەو هەلومەرجانەدا دەکرێت بزانین ڕێکخراوەی سۆشیالیستی پۆڵەندا دەبوو هەوڵ بدات بۆ ئەوەی لەگەڵ بزووتنەوەی ڕووسیا تێکەڵاو بێ.

وتەکانی فرێدریش ئەنگڵس لە ساڵی ١٨٩٤، ئەوە دەسەلمێنیت کە بیروڕای گشتی ئەو سەردەمە تا چ ڕادەیەک لە ژێر هەژموونی **ئیرادەی گەل** دا بوو، وە چەندەی هیوای گەورە بۆ ئالوگۆڕی سیاسی لە داهاتووی نزیکدا هێنایە ناو. ئەنگڵس سەبارەت بەو قۆناغە لە مێژووی ڕووسیادا دەڵێت:

> **لەو سەردەمەدا لە ڕووسیا دوو دەوڵەت هەبوو، دەوڵەتی سزار و دەوڵەتی کومیتەی بەڕێوەبەریی نهێنیی پیلانگێڕانی تێرۆریست. هێزی دەوڵەتی «یەکگرتووی»[26] نهێنیی، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر دەبوو. وێدەچوو تێکچوونی سزاریزم سروشتیی بێت. شۆڕشێک لە ڕووسیا دەبوو بەهێزترین لایەنگری دژەشۆڕشی ئەورووپا ـ واتا گەورەترین سپای پاشکەوتەی ئەو ـ لەکار بخات؛ و لەو پڕۆسەیەدا تەکانێکی بەهێز و تازەی لە بزووتنەوەی سیاسیی *ڕۆژاوا* دەدا و ـ و لە دوایی‌دا چاکتر وەگەڕی دەخست.**[2]

ئەگەر توێژەرانێکی وریای مێژووی کۆمەڵایەتی وەک مارکس و ئەنگڵس _چونکە ئەو **وتانەی سەرەوە هەست و بۆچوونی مارکسیش لەو سەردەمەدا نیشان دەدات [واتا ساڵی١٨٨١]**_ کە دەولەمەندن بە ئەزموونی مێژووی شۆڕشگێڕیی ئەورووپا و ئاوا بە ڕوونی ڕادەسپێرن بۆ هەڵسەنگاندنی پڕۆسە مێژووییەکانی گەشەسەندن. بەو شێوەیە ئاکامی

[26] Associate

کردەوەکانی **ئیرادەی گەل [ناردۆنیا ڤۆلیا]** ئاوا زێدە لەقەڵەم دەدەن، کەوابوو سەیر نییە سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی کە لە سەرەتای کاری سیاسییانەوە لە جەنگەی مەیدانی بەربەرەکانیدا بوون، ناچار لە ژێر کاریگەریی بەهێزو سەرسوورهێنەری ئەو پارتەدا بن.

کەوابوو دوای ئەوەی سۆشیالیزمی پۆڵەندی، لە ڕەوتی گەشەکردنی خۆیەوە بەرەو ئاواتی گەیشتن بە سۆشیال دیموکراسیی ئەورووپای ڕۆژاوا، ئەو ئەنجامە سیاسییەی وەرگرت کە پێویستە بۆ ئاکاری هاوبەش لەگەڵ سۆشیالیزمی ڕووسیایی یەکێتییەک دروست بکرێت، ئەو هەلومەرجە ڕاستەقینانەی وا [باس کران و] هەبوون دەبوو وردەوردە [ئەو سۆشیالیزمە] بەرەو ڕێچکەکانی بلانکیستیی[27] ببەن. مێژووی ئەو سۆشیالیزمە، هەر لە سەرەتای دامەزرانی فەرمیی پارتەکەوە هەتا لەناوچوونی لە کۆتایی دەیەی ١٨٨٠ دا، بریتییە لە وردەوردە لادان بەرەو بلانکیزم و دوورکەوتنەوە لەو هەڵوێستەی کە لە *داواکارییەکەی* دیسەمبەری ساڵی ١٨٨١ دیاریی‌کرابوو.

بە شێوەی سروشتیی ئەوە هەڵەیە کە پێمان وابێت سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی لە دۆخێکدا بوون کە دەیانتوانی بەڕاستیی ئەو هەڵبژاردنەی وا لەسەرەوە باسکرا، بەئاگادارییەوە ئەنجام بدەن. ئێمە ئەو بژاردانەمان وا چنیوە کە بتوانین شیکاریی دۆخی واقعیی بکەین. بەڵام گرووپی وارینسکی بە شێوەیەکی یەکلاییکەرەوە لەو دۆخە واقعییە ئاگادار نەبوون بە هۆی ئەوەی کە سروشتی ڕاستەقینەی **ئیرادەی گەل** و ناکۆکیی ئەو سروشتە لەگەڵ هەڵوێستی وارینسکی و هەڤاڵانی بە هیچ شێوەیەک ڕوون و ئاشکرا نەبوو و لە ساڵی١٨٨٢دا بە هاسانی پێناسە نەدەکرا، چونکە ئەو بەڵگە و فاکتانەی وا دواتر بۆ پێناسەکردنەکەی یارمەتیی دەدا ئەوکات لەبەر دەست نەبوون. لە **داواکارییەکەی** گرووپی وارینسکی‌دا، دیتمان سەبارەت بە کردەوەکانی **ئیرادەی گەل** بۆچوونگەلێکی زۆری نادروستی سۆشیال دیموکراتیک هەبوون. لەگەڵ ئەوەش، هەروەک خوێندنەوەی وردبینانەی دەقەکانی وێژەی سۆشیالیستی ئەوکات

[27] Blanquist paths

نیشـــانی دەدات (وەک بەیـــان، یەکســـانی و گۆڤارەکـــانیتر) لە نـــاو سۆشیالیســـتەکانی پۆڵەنـدی، وەک داواکـاریییەکە دەریـدەخات، جگەلە وارینسـکی کەسـێکیتر نەبـوو کە بتوانێت ئەوەندە سۆشیال دیموکراتێکی وریا و لێهاتوو بێت.

بەو پێیە یەکێتیی دەروونیی پرۆلیتاریا و **ئیـرادەی گەل**، نەک لە ئاکـامی دانوسـتانی ڕاشکاوانە لەسـەر ئایدیای سۆشیاڵیستی لە پۆڵەندا بەڵکوو زیاتر وەک سـەرهەڵدانی سروشـتیی دۆخـی گشـتیی [پۆڵەنـدا]، وەدیهـات. دوای ئەوەش، پرۆلیتاریـا، بە هـۆی یەکساننەبوونی تیۆریکی پێگەیشتوویی تاکەکانی بنیاتنەری خۆی، ناچار دەبوو بە زوویی بکەوێتە ژێر کارتێکەری ڕووسیا، چونکە مێژوو و ڕواڵەتناسیی[28] گرووپێکی زۆر بچووک ـ کە ڕێکخراوەی پێشڕەوی سۆشیاڵیستی لە پۆڵەنداش تا ئێستا وابووە ـ تەنیا لە مـاوەی چەند سـاڵێکی کەمدا، نەک تەنیا بە چەمکە سـەرەکییەکان لە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی بەڵگەهێنانەوەی مەنتقیی، بەڵکوو بە ناسینی بنەماگەلی بەهەڵکەوتی یەکجـارزۆری تاکەکـانی، دیاریدەکرێـت. ئەگەر چـی چاپەمەنییەکـان و ئاکارەکـانی پرۆلیتاریا هـیچ یەکپارچەییەکی وا لەخۆیـان نـانوێنن، بەڵام بزربـوونی وارینسـکی لە گۆڕەپانی ململانێ بەدوای دەسبەسـەرکرانی لە پاییزی سـاڵی ١٨٨٣دا ، بەس بـوو بۆ ئەوەی بزووتنەوەکە بخاتە ناو زەلکاوی پیلانگێڕیی سیاسیی نائومێدانەوە.

ئەگەر بمانەوێت جیاوازیی نێوان جیهانبینیی Weltanschauung سۆشیال دیموکراتەکان و ئەو شـتەی وا بلانکیزمی Blanquism پێدەوترێت ڕوونکەینەوە، دەبێت بەر لە هەمـوو شـتێک دەریخەیـن بلانکیـزم تیـۆرییەکەی خـۆی هەر لەو مانـایەوە دابیننـاکـات کە سۆشیالدیموکراسـی لەوێـی وەردەگرێـت: واتـا تیـۆریی گەشـەکردنی کۆمەڵگا بەرەو سۆشـــیاڵیزم. لە هەر حاڵـدا ئەوە نیشـــانەیەکی تـــایبەتی تەنیـــا پـــارتێکی وردەڵەی سۆشیاڵیستی نییە، چونکە تیۆریی مارکس و ئەنگڵس یەکەمین و دەبێت بڵێین تا ئێستا تەنیـا هەوڵێکـی ســـەرکەوتوو بـــووە بـــۆ بناغەدانـــانی حەزی سۆشیاڵیســـتی لەســـەر

---

[28] Physiognomy

تێگەیشتنی زانستیی سەبارەت بە یاساکانی گەشەکردنی مێژوویی بە گشتیی و کۆمەڵگای سەرمایەداریی بە تایبەتیی. تیۆرییە یۆتۆپیاییەکانی[29] پێشوو سەبارەت بە سۆشیالیزم، ئەگەر بە ڕاستیی بمانەوێت وەک تیۆرییان باس کەین، سنووری خۆیانیان، ڕێکوپێککردنی هەوڵە سۆشیالیستیەکان لە ڕێی تاوتوێکردنی کەموکووڕییەکانی کۆمەڵگای سەردەم لە چاو دۆخی پێگەیشتوویی تەواو[30] و سەرووتربوونی ئەخلاقیی دۆخی سۆشیالیستی، دادەمەزراند.

چونکە بلانکیزم، وەک هەموو ئەو جۆرە ڕێبازە سۆیالیستییانە، بۆچوونەکانی خۆی بە ڕەخنەی نەرێنیی لە کۆمەڵگای بۆرژوازیی و دارایی تاکەکەسی پشتگیری دەکرد، تەنیا یەک جۆرە ستراتێجی بۆ هەوڵی کردەیی دێنا ئاراوە. لەو بوارەدا ڕەگەز و بنچینەی خۆی لە شۆڕشگێڕییە ڕادیکاڵییەکانی شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا ئاشکرا کرد و بەکارهێنانی تەکتیکەکانی یاکوبینی[31] بۆ ئامانجەکانی سۆشیالیستی نیشان دا: واتا یەکەم هەوڵی پیلانی بابیۆف[32]. چەمکی بنەمایی ئەوستراتێجییە، باوەڕی لەڕادەبەدەرە بە توانای بەڕێوەبردنی سیاسیی بۆ ئەوەی [ئەو بەڕێوەبردنە] لە هەموو کاتێکدا، هەر ئالوگۆڕێکی ئابوریی و کۆمەڵایەتیی کە لە ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتیدا وەک چاک و بەکەڵک لێکدەدرێنەوە، بەجێ بێنێت.

دڵنیاین تیۆریی سۆشیالیزمی زانستیی، بەڕێوەبەرایەتیی سیاسیش وەک نێڵێک[33] دادەنێت بۆ ڕووخاندن و هەڵتەکاندنی سۆشیالیستی. بەڵام لە بۆچوونی مارکس و ئەنگڵسدا، ڕۆڵی هێزی سیاسیی لە سەردەمی شۆڕشگێڕیی، وەک «بریکار[34]»ێکە کە تەنیا ئاکامەکانی گەشەکردنی ناوەوەی کۆمەڵگا بەکار دێنێت و دەربڕینی سیاسیی ئەوەش لە ململانێی چینایەتی‌دا دەدۆزێتەوە. وەک لێکدانەوەیەکی بەناوبانگی مارکس

[29] Utopian theories
[30] Perfection
[31] Jacobin
[32] Babeuf
[33] Lever
[34] Agent

دەڵێت، لە سەردەمی شۆڕشدا هێزی سیاسیی ڕۆڵی «مامان[35]»ێکی هەیە کە لەدایکبوونی کۆمەڵگای نوێ خێراتر و هاسانتر دەکاتەوە و تەنانەت لە کاتی پیریی و بێهێزیشدا ژیان دەژێنێتەوە. دواتر دەڵێت گۆڕانکاریی پێویستی کۆمەڵایەتیی لە ڕێی هێزی سیاسییەوە، تەنیا لە قۆناغێکی تایبەت لە گەشەکردنی سۆشیالیستی دەستەبەر دەکرێت. هێزی سیاسیی وەک ئامرازێکی هەڵتەکاندن، تەنیا دەبێ لە دەستی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە دابێت کە لە دەمێکی مێژوویی تایبەتدا، ئەنجامدەری شۆڕشە. لێهاتوویی ئەو چینە بۆ بەدەسگرتنی درێژخایەنی هێزی سیاسیی، تەنیا هۆکاری پاساوهەڵگری سەلمێنەری دروستبوونی شۆڕشە.

چونکە بلانکیزم ئەو تیۆرییە [بە فەرمیی] ناناسێت و تەنانەت ناشیزانێت، هێزی سیاسیی وەک ئامرازێکی هەڵتەکاندنی کۆمەڵگا بەکار دێنێت کە بەگشتیی، تەواو لە دەرەوەی زەمینەی گەشەی کۆمەڵایەتی و ململانێی چینایەتی دایە. ئەو ئامرازە هەمیشە لە خزمەتی ئەو کەسانە دایە کە لە هەموو کاتێکدا کۆنترۆڵی دەکەن. لەو ڕوانگەیەوە تەنیا مەرجەکانی شۆڕش، بوونی گرووپێکی خاوەنبڕیار و پیلانە، کە ئامانجی ئەو گرووپە، بەدەسگرتنی دەسەڵات بێت لە گونجاوترین هەلدا.

ئەنگڵس لە وتاری بەناوبانگی خۆیدا لە گۆڤاری ڤۆلکشتات Volkstaat ساڵی ١٨٧٤ دەڵێت،«بلانکی[36] لە بنەڕەتدا تەنیا بە هۆی هەستی هاودەردیی لەگەڵ چەرمەسەرییەکانی خەڵک، سۆشیالیستێکی شۆڕشگێڕی سیاسییە. ئەو نە تیۆریی سۆشیالیستی هەیە و نە پێشنیاری کردەیی تایبەت بۆ یارمەتی کۆمەڵگا. لە ئاکاری سیاسیی خۆیدا، لە بنەڕەتدا «پیاوی کار»[37] بوو بەو بڕوایەوە کە کەمینەیەکی بچووکی باشڕێکخراو کە هەوڵی کودتایەکی شۆڕشگێڕانە لە

---

[35] Midwife

[36] Blanqui لوویی ئاگۆست بلانکی کارگێڕێکی سیاسیی خەڵکی فەڕەنسا بوو کە هەندێک بابەتی مارکسیستیی بۆ نموونە «دیکتاتۆریی پڕۆلتاریا» لەوەوە وەرگیراوە و ماتریالیست و عەقڵباوەڕ(ڕاسیۆنالیست) بوو

[37] Man of action



ناوەندی کۆمۆن

باشترین سات و کاتدا بدەن ، لە سایەی هەندێک سەرکەوتنی سەرەکیی، دەتوانن جەماوەری خەڵک ڕەگەڵ خۆیان خەن و بەو شێوەیە شۆڕشێکی سەرکەوتووانە بخوڵقێنن. چونکە بلانکی پێیوابوو هەموو شۆڕشێک گورزێکە کە وەشاندنی لە لایەن کەمینەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕەوە دەسپێدەکرێت، دوای سەرکەوتنی ئەو کارە پڕمەترسییە، یەکسەر پێویستە دیکتاتۆریی بەدوادا بێت، هەڵبەت نەک دیکتاتۆریی هەموو چینی شۆڕشگێڕ، واتا پرۆلیتاریا، بەڵکوو ئی ئەو هەژمارە کەمەی کە «گورزی شۆڕشیان وەشاند» و لەوە پێش لەژێر دیکتاتۆریی یەک یان چەند گرووپیتر، خۆیان ڕێکخستبوو [ڕێکخراوەیان دروست کردبوو]».

دەبینین کە مەبەستی ڕاستەوخۆی ستراتێجیی بلانکیستەکان، وەگەڕخستنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە کە پێویستیی بە هیچ جۆرە قۆناغێکی ڕاگوێزران یان پەرەسەندن نییە. بلانکیزم دەستووری کارێکە بۆ سازدانی شۆڕش لە هەموو هەلومەرجێک و هەموو کاتێکدا؛ و هەموو هەلومەرجە بەرچاوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم دەخات. بلانکیزم وەک ستراتێجییەکی جیهانیی هاتە ئاراوە کە بەکارهێنانی ئەو دەیتوانی لە هەموو وڵاتەکاندا بە هەمان پلە سەرکەوێت. بەڵام بەکارهێنانی ئەو ڕەوشتی کارە، لە هیچ جێیەک نەیتوانی بەقەت ئەو هەلومەرجە تایبەتەی ژێر دەسەڵاتی سزاریزم، کاریگەرییەکی یەکلاییکەرەوەی لەسەر چارەنووسی سۆشیالیزم ببێت. ستراتێجیی «بازدانی» کوتوپڕ[38] یەکسەر بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی، دەبوو بە شێوەیەکی چارەنووس‌ساز کارتێکەریی لەسەر ڕواڵەتناسیی سیاسیی[39] ئەو پارتە بێت کە لە ژێر چوارچێوەی دەوڵەتێکی تەواوسەرەڕۆدا کاری دەکرد. هەر بۆیەش دەکرێت کارتێکەریی بلانکیزم لەسەر

[38] Sudden Leap
[39] Political physiognomy

سۆشیالیســـــتەکانی پۆڵەنـــــدی، لە وردەوردە ئـــــاڵوگۆڕی هەنگاوبەهەنگـــــاوی ڕوانگەسیاسییەکانیاندا بدۆزینەوە.

لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٨٨٢، بەرنامەی فەرمیی بڵاوکراوەی پارتی پرۆلیتاریا بە ئاشکرایی، هەم لە 9هەڵوێستەکەی وتارەکەی وارینسکی (کە لە ژمارەی ٣ و ٤ ـی گۆڤـــاری przedswitدا هـــاتبوو) و هەم لە ڕوانگەکـــانی *داواکـــارییەکەی* هەڤـــاڵانی **ڕووسیایی** خۆی دوور خستبووەوە. هەر وەک تا ئێستا [ناڕاستەوخۆ] سەلماندوومانە ئەو بەڵگەیە پێیوایە داهـاتووی سۆشـیاڵیزمی پۆڵەنـدا ڕیشـەکانی خـۆی لە بنەمـای سۆشـیاڵیزمی زانسـتیی و بنەماکـانی ململانێی چینـایەتیی و ماتریـالیزمی مێژوویـیدا دەدۆزێـتەوە. بەڵام چـۆنیەتیی بەرنـامەی کردەیـی ئـاوا بە هاسـانیی دیـاری ناکرێـت. لێـرەدا سـێ بەشـی هاوتەریـب هەن کە بـریتین لە داخوازەکـانی پـارت لە «بەشـی ئابووریی»، «لە بەشی سیاسیی» و «لە بەشی ژیانی ئەخلاقی»دا.

ئەگەر لە داویین بەش، بە هۆی ئەوەی لە بواری کردەییەوە گرنگیی نییە، چاوپۆشیی بکەین، لە بەشی یەکەمدا سەرنجڕاکێشترینیان لە لایەک شێوازی پێکهاتنی هاوشێوە و هاوکـاتی داخوازەکـانە کە نـاوەرۆکی شۆڕشـی سۆشیاڵیسـتی دیـاریی دەکـات: «یەکەم: زەویی و ئامرازی وەبەرهێنـان چیتـر دارایی تاکەکەسیی نامێنێت و دەبێتە دارایی هاوبەشـی کرێکارەکـان، واتـا دارایی دەوڵەتی سۆشیاڵیستی، دووەم: شـێوەی کارکردن بە مووچە و کرێ دەگۆڕێت بۆ کـاری هـاوبەش و هتد؛ لە لایەکیتریشـەوە داڕشـــتەی داخـــوازە سیاســـییەکان بـــۆ دەوڵەتـــی بـــورژوا دابینکـــراوە [کە لە یەکەم چاوپێکەوتندا ناوەرۆکی دامەزراوەی پەرلەمانیی/دیموکراتیکیی هەیە]:

١. سـەربەخۆیی تەواوی گـرووپە سیاسـییەکان، ٢. هاوکـاریی و بەشـداریی هەمـوو شـاروومەندان لە دانانی یاسـاکاندا ٣. هەڵبژاردنی ڕاسـتەوخۆی هەمـوو فەرمـانبەرییە گشـتییەکان ٤. ئـازادیی تەواوی قسـەوباس و ڕادەربـڕین، چـاپەمەنیی، کۆبـوونەوە، ڕێکخراوە و هتد. ٥. مافی بەتەواویی بەرامبەر بۆ ژنان، ٦. مافی بەتەواوی بەرامبەر

بۆ هەموو ئایینەکان و نەتەوەکان، ٧.یەکپارچەیی نێونەتەوەیی وەک گەرەنتییەک بۆ ئاشتیی هاوبەش و گشتیی».

تارادەیەک لاوون نییە ئەو بەرنامەیە لە ڕاستی‌دا دەگەڕێتەوە سەر کام بابەت. لە لێکدانەوەی وردبینانەدا ئەگەری دوو تێگەیشتنی جیاواز هەیە. ئەو داخوازە سیاسییانەی لێرەدا یەکلەدوای‌یەک باس کراون، یەکەمیان نەبێت کە بەتەواویی ڕوون نییە، ئەوانی‌تر بەرنامەی لانیکەمی ئاسایی[40] پارتە سۆشیال دیموکراتیکەکانمان[41] بیر دەخەنەوە. بەڵام هەر هێنانی ئەو داخوازانە وەک دەستەیەک داخوازا[ی پێویست] بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی، ئەو گومانە دێنێتە ئاراوە کە بە تەواویی پێوەندییان لەگەڵ دۆخی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای بورژوازی نەبێت. هاوکات لەوەش‌دا گومان هەیە کە ئایا چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە لەگەڵ کۆمەڵگای سۆشیالیستیش ڕێککەون یان نا. چونکە ئەوان بەتەواویی پێیان وایە دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستا، لەسەر بناغەی نابەرامبەریی چینەکان، ڕەگەزەکان و نەتەوەکان دانراوە. ڕەنگە لێرەدا ئێمە، نەک بەرنامەی لانیکەم، بەڵکوو بەرنامەیەکمان هەیە کە ئامانجی ئەوەیە دوای بەدەست گرتنی دەسەڵات لە لایەن پرۆلیتاریاوە، دەورەیەکی ڕاگواستن تێپەڕ کات، واتا دەیەوێت [سەرەتا] ئاگری ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستی داگیرسێنێت.

سەرچەشنی بەرنامەیەکی ئاوا، کە داخوازە سیاسیی/دیموکراتیکەکان و چاکسازیی سۆشیالیستیش لە ئاستێکی هاوشێوە دادەنێت و مەبەستیشی یەکسەر، بە دوای شۆڕش‌دا، بوونی قۆناغێکی ڕاگواستنە، بۆ نموونە داخوازەکانی «پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانیایە» کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی لیگی کۆمۆنیست لە پاریس لە ساڵی ١٨٤٨دا داڕێژرا و، جگەلە ئەوانی‌تر، واژۆی **مارکس** و **ئەنگلس**یشی لەسەر بوو.

[40] Usual Minimal Program
[41] The Usual Minimal Program Of Social Democratic Parties

لەگەڵ ئەوەش دەکرێت پێداگریی بکەین ئەو بەرنامەیەی سەرەوە کە لە لایەن نووسەرانی **مانیفێستی کۆمۆنیست**ـەوە داڕێژرابوو، هیچ نیشانەیەکی لە ستراتیێجی بلانکیستیی، کە کەسانێکی وەک *ئێدوارد بێرنستاین*[42] و ئەوانیتر لایەنگرییان لێدەکرد، لەخۆ نەگرتبوو. بۆ ئەوەی گرنگیی هەموو شتێکمان لەبەر چاو گرتبێت تەنیا پێویستە ئاگادار بین مارکس و ئەنگڵس لە ژێر کاریگەریی تازەی شۆڕشی مانگی فێبریوەری فەرەنسا و ئاڵۆزیی شۆڕشی مانگی مارچی ئەڵمانیا ئەو بەرنامەیەیان داڕشتبوو. ئیتر ئاشکرایە هەردوکیان هێزی بزوێنەری بورژوازییان زێدەنرخاند و وایان لێکداوە ئەو بورژوایەی ئەورووپا کە سەردەمێک ڕەشەبای بزوتنەوەی شۆڕش لەگەڵ خۆی ڕایماڵیبوون، لە دەورەیەکی کورت یان درێژدا، هەموو بازنەی هێزی خۆیان خەسارەدەکەن تا پێوەندیگەلی سیاسیی وڵاتە کاپیتالیستییەکان «بە پێی ئاواتی خەیاڵیی خۆیان» دووبارە سازکەنەوە؛ ئەو پێوەندییانەی وا بە پێی ئەوان خۆی شەپۆلی شۆڕش دەبوو وردەبورژوازی، و دواتر لە کۆتاییدا پرۆلیتاریاش، بگەیێنێتە سەر جێگە و پێگەی خۆیان. لەو ڕێیەدا، [چینی] پرۆلیتاریا دەیتوانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە دوای شۆڕشی بورژوازییەوە بێت بۆ ئەوەی ئەرکی شۆڕشگێڕیی خۆی، کە ڕزگارکردنی هەموو چینەکانە، بەجێ بێنێت.

ئەمڕۆکە ئێمە کەوا خاوەنی ئەم هەموو ئەزموونەی مێژووین لەو پێگەیە داین کە بتوانین خۆشبینیی زەقی ئەو ڕوانگەیە بدۆزینەوە. دەزانین کە بورژوازیی ئەورووپا هەر بەدوای تۆفانی شۆڕشدا لەڕێوە پاشەکشەی دەسپێکرد؛ و دوای ئەوەی شۆڕشی خۆیان سەرکوت کرد کۆمەڵگایان هێناوە دۆخی «ئاسایی» و دیسانیش لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان گرتەوە. هەروەها دەزانین دۆخی ئابووریی ئەورووپا لە ساڵی ١٨٤٨دا زۆر لەو ئاستە پێگەیشتوویە دوور بوو کە بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی

[42] Eduard Bernstein

پێویستە. سەرمایەداریی[کاپیتالیزم] خۆی بۆ مردن ئامادە نەدەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانە، خۆی بۆ سەرەتای ڕاستەقینەی دەسەڵاتی خۆی تەیار دەکرد. ئەو قۆناغەی کە وێدەچوو کۆمۆنیستەکانی ساڵی ١٨٤٨ تەنیا بە ماوەی چەند ساڵێک لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا جیادەکاتەوە، ئەوەندە دوور و درێژ بۆوە کە نیوەی سەدەیەکی خایاند و تەنانەت ئەمڕۆکەش بە ئاکامی خۆی نەگەیشتووە.

هەر چی بێت، ئەو هۆکارەی کە مارکس و ئەنگلسی ڕاکێشا بۆوەی بەرنامەیەکی کردەیی ئاوا لەسەر بنەمای شۆڕشی کرێکاران دابمەزرێنن، خواست و خەیاڵی لەبەرچاو نەگرتنی قۆناغی کۆنترۆڵی بورژوا نەبوو، بەڵکوو تەنیا لێکدانەوەی نادروستی ڕەوتی ڕاستەقینەی پێشکەوتی کۆمەڵگا لە ژێر کارتێکەریی شۆڕش بوو. زەحمەتە کە لە ژێر هەلومەرجی کرداریی پارتی پرۆلیتاریادا، بارودۆخێکی هاوشێوە بدۆزینەوە کە بتوانێت بەرنامەی پارتی پرۆلیتاریا ڕوونکاتەوە. ئەگەر بمانەوێت لە نێوان تایبەتمەندیی بەرنامەیەک کە بۆ قۆناغی ڕاگواستن گونجاو بێت و داخوازەکانی، پێوەندییەک بدۆزینەوە، تەنیا بۆچوونێک کە هێشتا دەکرێت بە زەینمان دابێت ئەوەیە کە پرۆلیتاریا تا ئەو کات، لانی کەم تا ڕادەیەک، هەڵوێستی بلانکیستیی ڕەچاو کردبوو.

بەڵام دەبێت سەرنج بدەین بەوەی کە جیا لە تێکەڵاوبوونی ئامانجە کۆتاییەکان و بەپەلەکان، بەرنامەی پرۆلیتاریا بە گشتیی بە وزەی فەلسەفەی سۆشیال دیموکراسی بەهێز کراوە. ئەو شتە بە کارتێکەریی ئەو بۆچوونە دەسەلمێندرێت کە شۆڕشی سۆشیاڵیستی دەبێت تەنیا بە دەستی چینی کرێکار تەواو کرێت، و تەنیا [بابەتگەلێکی وەک] ململانێی جەماوەریی، ڕێکخستنی پرۆلیتاریا و ڕوونکردنەوەی ئەوان، دەتوانێت ئەو هەلومەرجانە بڕەخسێنێت کە بۆ داهاتووی کۆمەڵگا پێویستە. ڕوانگەی هاندان و ڕێکخستنی جەماوەرەکان، قسەکەی بۆتە بنێشتە خۆشکە[43]ی هەموو

[43] ئاهەنگێک کە یەکار زۆر دووپات و چەندپات دەکرێتەوە. بنڵشتە خۆشکەش لە کوردی ناوچەی موکریان‌دا ڕێک بە مانایەیە. و Leitmotif

بەرنامەکە و ڕوونی دەکاتەوە کە خەریک بوو خۆی ئامادە بکات بۆ دەورەیەکی دوور و درێژی کارکردن لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ڕۆژانەی پرۆلیتاریا.

چەند بەشێکی کەمی بەرنامەکەش کە پرۆلیتاریا لەوێدا ئازادیی سیاسیی وەک پێشپێویستێک بۆ ڕێکخران و ململانێی جەماوەریی دەبینێت، ئاماژە بەو ئاراستەیە دەکات. ئەو شتە دارشتەکانی وارینسکیمان لە Przedswitدا لە ساڵەکەی پێشتر بیر دەخاتەوە. لەو بەرنامەیەدا نووسراوە: «ئێمە بە هەموو هێز و توانامان بەرهەڵستی نەبوونی ئازادیی ئاگاداریی، ئازادیی دەربڕین[ی بیر و ڕا]، کۆبوونەوە، ڕێکخراوە و ڕاگەیاندن دەبینەوە _ چونکە هەموو ئەوانە ڕێگرن لە پەرەگرتنی بەئاگابوونی کرێکاران و ڕق و قینی ئایینیی نەتەوەیی و دەمارگرژیی[44] وە خەبەر دێنن. هەروەها پێش بە بانگەشەکاریی و ڕێکخستنی جەماوەریی دەگرێت کە هەر ئەوە بە تەنیا دەتوانێت بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی لە داهاتوودا بێت». و دوای ئەوانەش «ئێمە شەڕی بەرگرییانە و هێرشبەرانەی خۆمان دژی سەرکوتکردن درێژە پێدەدەین. بەرگرییانە واتا ئەوەی کە بە هیچ جۆرێک ڕێگە بە خراپتربوونی دۆخەکە نادەین، و هێرشبەرانەش واتا ئێمە هەمیشە داخوازی باشتربوونی هەلومەرجی ژیانی پرۆلیتاریا لە [ژێر دەسەڵاتی] دەوڵەتی ڕووسیا دەبین».

سەرەڕای ئەوەی کە هیچ جۆرە دارشتنێکیی بابەتیی ڕوون سەبارەت بە ململانێی دژی سزاریزم و بە قازانجی ئازادییە دیموکراتیکەکان لە بەرنامەکەدا نابینینەوە ـ کەشی دڕدۆنگیی و یەکلانەکراوەیی بایەخە سیاسییەکان بەسەر هەموو بەرنامەکەدا زاڵە ـ هێشتا ئەو بەرنامەیە و بنەمای ڕوانگە ئەرێنییەکانی، بێگومان هیچ نیشانەیەکی لە بلانکیزم پێوەدیار نییە. تەنیا دیاردەیەکی ڕاستەقینە کە لە بنەمای ئەو بەڵگەیەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە هەڵوێستی سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی تا ئێستا بەشی هەرە

---

[44] Fanaticism

زۆری ڕوونیی و ئاشکرایی خۆی - کە لە بەڵگەکانی گرووپی جێنێڤا هەر وەک لێکمان داوە وای بـاس کرابـوو - لەدەس داوە. لەگەڵ ئەوەش دەبێـت لە بیرمـان ببێـت کە بەرنامەی ساڵی ١٨٨٢ ، کاری گرووپی وەرشـەو[45] بوو کە خەریک بوون لە وڵاتی خۆیاندا کاریان دەکرد و ڕەنگە وارینسکی، دوای ئەوەی هەوڵەکانی بردە ناوچەی [ژێر دەسـەڵاتی] ڕووسـیا، ناچار بـوو بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ زۆر زیـاتر پشـت بە هەڤاڵانی ئەوێ ببەستێت _ کە لە ژێر کاریگەریی ڕووسیاییەکاندا بوون _ تا پۆڵەندیە کۆچبەرەکـانی سوییسـڕا[46]. بەڵام ئەگەر پتـر لە هەمـوو تایبەتمەنـدییەکی بەرنـامەی فەرمیـی پـارتی پرۆلیتاریـا، نـاڕوونبوونی زۆر زەق و بەرچـاوە، هێشـتاش شـێوەی هەوڵ و کردەکـانی ئەو، ڕێـگە بـۆ هـیچ گومانێـک سـەبارەت بە کـارتێکەریی ڕوولەزیـادبوونی ئەو لەسـەر بلانکیـزم نـاهێڵێتەوە. ئێسـتا ئەگەر چاوخشـاندنێکی گشـتییمان ببێت بە سـەر ڕەوتـی گەشـەکردنی پرۆلیتاریـادا، دەبێت بەرنـامەی سـاڵی ١٨٨٢ وەک دیـاردەیەک بۆ ڕاگواسـتن ببینـین کە لە ڕێی [ناسـینی] نـاڕوونییەکەی، لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی سۆشیالیزمی پۆڵەندیدا، دیاریکەری خـاڵی هەڵگەڕانەوەی نێوان قۆناغەکانی سۆشیال دیموکراتیک و بلانکیستییە.

## VI

لە بەشـەکانی پێشـوودا بە شـێوەی بەڵگەهێنـانەوە، تێپەڕینـی پارتەکەمـان، کە لە لایەن وارینسکی و هەڤاڵانییەوە بناغەی دانرابوو، لە هەڵوێستی سۆشیال دیموکراسییەوە بۆ بلانکیسـتیی تـوێژییەوە. ئەو تێپەڕیـنە وەک ئەنجـامی مەنقیـی بەکارهێنـانی

[45] Warsaw
[46] Switzerland

بنەماڕێنوێنەرەکانی پارتەکە دەبینرا ـ واتا کرداری هاوبەش لەگەڵ سۆشیالیزمی ڕووسیایی ـ لە هەلومەرجی ئەوکاتدا.

ئەو ئەنجامە، بە شیکاریی ئەو بەڵگانەی وا لە هەوڵەکردەییەکانی پرۆلیتاریا بە دەستەوەن، بە جوانی دەسەلمێندرێت. ئەوانە ڕوونی دەکەنەوە کە سۆشیالیستەکانی پرۆلیتاریا چۆن بەڕاستی و بە جوانی بە سەر تەکتیکەکان و ڕوانگەکانی **ئیرادەی گەل** لە هەموو ڕەهەندێکی تازەی ئەو پارتەدا زاڵ بوون. ئەو پرۆسەیە دەبێت بە دروستی بە شێوەی ڕیزبەندیی کاتی و مێژوویی[47] توێژینەوەی لەسەر بکرێت. بۆ نموونە یەکەم بەڵگە کە بەرنامەی فەرمیی پرۆلیتاریایە لە ساڵی ١٨٨٣ دا ـ تەنیا چەند مانگێک دوای **داواکاریی کومیتەی کرێکاران**[48]، ـ پیشاندەری ئەو بابەتەیە. ئێمە بیر لە بڕیارێک دەکەینەوە کە لە لایەن «کۆنگرەی نوێنەرانی چەندین گرووپی شۆڕشی سۆشیالیستی»یەوە پەسند کرابوو و ئەوان یەکەم هەنگاویان بۆ پێوەندیی دوولایەنە و پێکهێنانی پارتێکی شۆڕشگێڕیی/سۆشیالیستی یەکجار ڕێکخراو و بتەو، هەڵێنابۆوە. هەڵبەت دان بەوە دادەنێین کە ئەو بەڵگەیە ڕوونی ناکاتەوە مەبەست کام «گرووپگەلێکی شۆڕشگێڕیی/ سۆشیالیستیە» و هەروەها واژۆی فەرمیی پارتی پرۆلیتاریاشی لەسەر نییە. سەرەڕای ئەوەش خۆی چاپکرانی ئەو لە «بەشی فەرمیی» گۆڤاری przedswitدا و لایەنگریی گشتیی سیاسیی ئەو ـ وەک بڵێین هاوڕابوون لەگەڵ ڕوانگەکانی وارینسکی و هەڤاڵەکانی ـ هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە لەگەڵ ڕوانگە ئایدیۆلۆجیکەکانی دەستەیەک لە تێکۆشەرانی کارامەی پرۆلیتاریا، (ئەگەر نەشڵێین هی هەموو پارتەکە یان ڕێبەرەکانی) ڕووبەڕووبووینەتەوە. لێرەدا پێداگریی لەسەر گرنگیی کردەیی ئەو بڕیارنامانە ناکەین، هەر چەند دواتر لە چاپەمەنییە جۆراوجۆرەکاندا، وەک بناغەی ڕێککەوتنی نهێنیی لەگەڵ **ئیرادەی گەل**،

[47] Chronologically

[48] Appeal of The Workers' Committee

باسی دەکرێت. بەڵام پێمان خۆشە ئەوانە وەک نیشانەگەلی ئاسایی دۆخی سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی، ماوەیەکی کورت دوای بنیاتنانی پارتەکە، دابنێین.

ئەو بڕیارنامانە وا بنەمای ڕێنوێنییەکەیان _هەر وەک داواکارییەکەی هەڤاڵانی سۆشیالیستی ڕووسیا_ پێکهێنانی تاقە پارتێکە کە بەرنامەیەکی گشتیی هاوبەشی بۆ دەوڵەتی ڕووسیا ببێت، بەو پرسیار تایبەتەوە دەس‌پێ‌دەکەن: «ئایا پێویستە پارتێکی تایبەتی ڕووسیای سپی، لیتوانیایی یان پۆڵەندی بۆ هەر کامیان بە جیا دروست بکرێت»؟

هەموان دەڵێن: نا! بە پێچەوانە، ئەو گرووپانە وا خەڵکی پۆڵەند، لیتوانیا یان ڕووسیای سپین دەبێت بە یەکەوە پارتێکی هاوبەشی یەکگرتوو دروست کەن کە لە ناو سنوورەکانی دەوڵەتی ڕووسیادا خەریکی چالاکیی بێت.

## چالاکییەکانی ئەو پارتە دەبێت چی بێت؟

چالاکییەکان دەبێت لە دوو بواردا بن: یەکەم، بانگەشە و هاندانی شۆڕشگێڕیی کۆمەڵایەتیی؛ دووهەم، ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیا لە ناو دڵی ئەودا.

ئەگەر بەشی کۆتایی ڕستەی دواتر - کە مەبەستی چالاکیی **ئیرادەی گەلە** - هەڵوێستی پیلانێگڕیی لە ململانێی سیاسیدا ئاشکرا بکات، ئەو بڕگەیەی داهاتووش زۆر ڕوونکەرەوە دەبێت.

هاندانی سیاسیی ڕەنگە تەنیا کاتێک بەکەڵک بێت کە سەرکوتکردنی سیاسیش هاوکات لەگەڵ سەرکوتی ئابووریی بەڕێوەدەچێت. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەت خۆی لە پێگەی لایەنگری چینی سەرمایەدار دانا، بەربەرەکانی لەگەڵ ئەوەی دواتر [واتا چینی خاوەن سەرمایە] هاوکات بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتیشە. بەڵام ئەگەر دەوڵەت پشتی بە هیچ چینێکی کۆمەڵاتییەوە نەبەستبێت بەڵام

لەگەڵ ئەوەش گوشارەکانی ئەو، کەندوکۆسپ دەخاتە بەردەم چالاکییەکانی پارتی شۆڕشگێڕیی سۆشیال، دەبێت ـ و دەشکرێت ـ[ئەو دەوڵەتە] بە پیلانگێڕیی بڕووخێندرێت. هەروەها هاوکاریی نزیکی جەماوەرەکانی خەڵک لەسەر بنەمای دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئەوان لە بەرژەوەندیی چینە سەرمایەدارەکان، مەرجێکی پێویستە بۆ پتربەرەوپێشچوونی شۆڕش.

هەر کەسێک لەگەڵ تیۆرییەکانی سۆشیالیستەکانی ڕووسیا ئاشنایەتیی ببێت لێرەدا لەڕێوە دەنگدانەوەی بۆچوونەکانی **ئیرادەی گەل** دەبیسێت، کە دیارە ئەویش بەش بە حاڵی خۆی ئەو بۆچوونانەی لە باکونیستەکانەوە پێگەیشتووە.

هەر لە ساڵی ١٨٧٤ەوە، تکاچێف Tkachev، سەرنووسەری گۆڤاری نەبات Nabat، کە یەکێک لە هەوەڵین بلانکیستەکان بوو، تیۆرییەکی دارشت کە بە پێی ئەو دەوڵەتی سزاریستی «بناغەی لەسەر هیچ چینێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت» نەبوو و هەر بەو هۆیەش «دەیتوانی و دەبوو» بڕووخێندرێت. تکاچێف ڕایگەیاند کە «ئەو دەوڵەتە وێدەچێت دەسەڵاتێک بێت کە تەنیا لە ڕێی دوورەوەیە ... و هیچ ڕیشەیەکی لە ژیانی ئابووریی خەڵکدا نییە ... [لە ئەڵمانیا و ڕۆژاوا] دەوڵەت هێزێکی خەیاڵیی نییە. لەسەر دوو پێ ڕاوەستاوە کە بنەمایان لەسەر سەرمایەیە و نیشاندەری بەرژەوەندیی ئابووریی تایبەتی کەسانێکە. [لە ڕووسیا] دۆخەکە بە تەواویی بە پێچەوانەیە: بوونی سیستەمی کۆمەڵایەتیمان بەستراوەتەوە بە بوونی دەوڵەتێک [...] کە خۆی هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێستاماندا نییە. ڕیشەی ئەو دەوڵەتە نەک لە ئێستا بەڵکوو لە ڕابردوو دایە».

ئەو تیۆرییەی کە پێیوایە دەوڵەتی ڕووسیا «لە حەوادا هەڵاوەساوە» [و ڕەگ و ڕیشەی بە هیچ جێیەکەوە بەند نییە]، تەنیا بەشێک بوو لەو تیۆرییە گەورەترەی

گەشەکردنی «سەربەخۆی» ڕووسیا وا بەسەر هەموو بۆچوونەکانی سۆشیالیستەکانی ڕووسیا لە حەفتاکان و هەشتاکاندا زاڵ بوو. لە بواری ئابوورییەوە تیۆرییەکە لە لایەن ئەو ئەنجامگیرییەوە نوێنەرایەتی دەکرا کە یەکەم دەیگوت کاپیتالیزم لە ڕووسیا وەک «گوڵێکی دەسکرد[49]» وایە کە لە لای دەوڵەتی ڕووسیاوە هێنراوەتە ناو خاکی ڕووسیا و لەوێ «شەتڵ کراوەتەوە[50]» دووهەمیش پاساوی دێناوە کە سیستەمی دارایی کۆمەڵگای بچووکی گوندنشینیی، شێوەی گونجاو و شیاوی ئابووریی سیاسیی ڕووسیایە.

بە شێوەی ئاسایی، پێوەندیی نێوان پێوەندییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمی سیاسیی ئەو بەتەواوی تێکەڵاو کرابوو. پێوەندییە ئابوورییەکان تا کاتێک بە شێوەی کاپیتالیستیی لێکدانەوەیان بۆ دەکرا، لە لایەن ئەو تیۆرییەوە وەک بەرهەمێکی خۆکردی هێزی سیاسیی چاویان لێدەکرا. لە لایەکیترەوە بە پێی تیۆریی **ئیرادەی گەل**، سزاریزم هەڵوێستێکی بەتەواوی دژبەرانەی بوو سەبارەت بە دارایی کۆمەڵگابچووکەکانی گوندنشین، واتا ئەو شێوە سروشتییەی ئابووریی سیاسیی. تەنیا وڵامی مەنتقیی بۆ ئەو پرسیارە کە «بوونی دەوڵەتی ڕووسیا لەسەر چ بنەمایەکە؟» یان ئەوە بوو کە «لە حەوادا هەڵاوەساوە» [و ڕەگ و ڕیشەی بە هیچ جێیەکەوە بەند نییە]، یان، هەر وەک لە بەرنامەی کومیتەی بەڕێوەبەریی **ئیرادەی گەل**دا هاتووە: «ئەو لووە[ی شێرپەنجەی] دەوڵەتییە/بورژواییە، تەنیا خۆی بە بەکارهێنانی هێزی ڕەق و بێبەزەییانەوە ڕاگرتووە».

دوای ئەوەی بەو شێوەیە شوێنەواری تەواوی سیستەمی سیاسیی ئەوکاتەی ڕووسیا، تەنیا گەڕاندرابووەوە بۆ هێزی سیاسیی، دەرەنجامی مەنتقییەکەی دەبوو بەوەی کە لابردن [و ڕووخاندن]ی ئەو سیستەمە تەنیا لە پرسی هێز و دەسەڵاتدا کورت

---

[49] Artificial flower
[50] Transplanted

دەکرێتەوە. کەوابوو بڕیار وا درا کە دەوڵەتی هەرەبەهێز «دەکرێت و دەبێت تەنیا بە پیلان وەرگەڕێت».

هەتا ئەودەم واتا ساڵی ١٨٧٤، فرێدریک ئەنگڵس ئەو هێڵەی بیر و ئەندێشەی بچڕاندبوو چونکە هەر لەڕێوە و بە شێوەیەکی یەکجار بنەڕەتی ڕەهەندە لاوازەکانی تیۆریی **ئیرادەی گەل**ی ڕووسیایی ئاشکرا کرد. ئەو دەریخست دەوڵەتی ڕووسیا بە هیچ جۆرێک «هەڵاوەسراو و بێبنچینە» نییە بەڵکوو پشتیوانی بتەوی ئەو، خاوەنزەوییە نەجیبزادەکان و چینی ڕوولەزیادبوونی بورژواکانن. ئەو هەروەها نیشانی دا ئەو سۆشیالیستە ڕووسیاییانەن کە ـ خۆیان بێبنچینەن و ـ بنەما بەرچاوەکانی دەوڵەتی سزازیستیی ناناسنەوە. ئەنگڵس هەروەها ئاماژەی بەوە دا ئەو کۆمەڵگا بچووکە گوندنشینانەی[51] ڕووسیا کە سۆشیالیستە «سەربەخۆ»کانی ڕووسیا، ئەوانیان وەک بنچینەی سۆشیالیزمی داهاتووی نزیکی ڕووسیایان دەبینی ، بنەمایەکی گونجاو بوون بۆ حکوومەتی زۆرداری ڕۆژهەڵاتی[52] سزاریزمی ڕووسیا نەک حکوومەتی سۆشیالیستی. ئەو هەروەها سەرنجی خستە سەر نیشانەکانی فەوتان لە ناو کۆمەڵگا بچووکە گوندنشینەکاندا و پێشبینی کرد ئەگەر هەر ئاوا لێیانگەڕێن، لە ژێر کارتێکەریی ڕوولە زیاتربوونی بورژوازی وردەوردە لەناودەچن.

بە کورتی ئەگەر چی ئەنگڵس هەوڵە ئەرێنییەکانی سۆشیالیستەکانی ڕووسیای باس نەکرد و کردەوەکانی داهاتووی پرۆلیتاریای پیشەسازی لە ڕووسیادا لەبەرچاو نەگرت، بەڵام چەمکی سەرسامکەری «لە حەوادا هەڵاوەسران» [واتا بێ بنچینەبوون]ی لە ناو برد، کە وەک ڕێچکەیەی «سەربەخۆ» بەرەو سۆشیالیزم لە ڕووسیادا دەناسرا. لە هەمان حاڵدا، ڕوونی کردەوە کە کەسانێکی وەک تکاچێف

[51] Obshchina [peasant commune D.H.]
[52] Oriental Despotism of Russian Czarism

Tkachev و سۆشیالیستەکانی تری سەر بە **ئیرادەی گەل** کە پێیان وابوو ڕووسیا لە چاو وڵاتانی ڕۆژاوایی، لە سۆشیاڵیزم نزیکترە، لەبەر ئەوەی «چونکە پرۆلیتاریای نییە بورژوازیشی نییە»، هێشتا «دەبێت بچن ئەلفوبێی سۆشیاڵیزم فێر بن».

لە ڕاستی دا ئەلفوبێی سۆشیاڵیزم _ واتا سۆشیاڵیزمی مارکسی _ دەڵێت کە دۆخی سۆشیاڵیستی، جۆرە کۆمەڵگایەکی شاعیرانە و ئایدیال نییە و لە پێشدا لێکیاندابوویەوە کە دەکرێت لە ڕێچکەگەلی جۆراوجۆرەوە و ڕێگاگەلی کەم تا زۆر خەیاڵیشەوە پێی بگەی. سۆشیاڵیزم تا ڕادەیەکی زۆر تەنیا لە ڕەوتی مێژوویی بەرەو ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگای کاپیتالیستیی دایە دژی حکوومەتی چینایەتیی بورژوازی. لەدەرەوەی ئەو ململانێیەی نێوان دوو چینی کۆمەڵایەتیی بەتەواوی جیاواز، سۆشیاڵیزم - مانایەکی نییە و - ناکرێت لێی تێبگەی، نە لە ڕێگای بانگەشەکاریی زیرەکترین خولقێنەری یۆتۆپیای سۆشیاڵیستی و نە بە شەڕی جوتیارانی دێهات و پیلانگێڕیی شۆڕشگێڕانە. هەر وەک دیتمان سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی بەرنامەی فەرمیی خۆیان لەسەر بنەما بنچینەییەکان داڕشت و دەیانویست هەوڵەکانیان لە دەوری ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریا کۆکەنەوە. بەڵام لە گەوهەردا ئەوانیش، وەک ئەو بەڵگەیەی سەرەوە باسی دەکات، بەقەت لایەنگرانی **ئیرادەی گەلی** ڕووسیایی، لە ئەلفوبێی سۆشیاڵیزم ناشارەزا بوون.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی شۆڕشگێڕەکان ئەو ڕوانگەیەی لایەنگرانی **ئیرادەی گەلی** ڕووسیایان گرتە بەر کە دەڵێت دەوڵەتی ڕوسیا بە هیچ چینێکی کۆمەڵایەتییەوە بەند نەبوو، «بیڕیشە و هەڵاوەسراو» بوو و هەر بۆیەش ئەو دەوڵەتە زۆر بە هاسانیی بە پیلانگێڕیی لەناو دەچێت، بە ئەنقەست ململانێی سیاسیی خۆیان لە چالاکە سۆشیالیستەکانیتری کۆمەڵگا جیاکردەوە. ئەوان دوو بابەتیان لێک جیاکردەوە: یەکیان ململانێ لەگەڵ دەوڵەت، کە پێیان وابوو ئەرکی تایبەتی پارتە پیلانگێڕەکانە، و یەکیشیان هاندانی سۆشیاڵیستی و ململانێی چینایەتیی، کە وەک ئەرکی سەر شانی

چینی کرێکار لە پۆڵەندایان دەدیت. ئەو تێگەیشتنە دەبێتە هۆی دابەشکاریی بابەتیی ئەرکەکانی پارتەکە بە دوو لادا:

یەکەم: بانگەشەکاریی و هاندانی کۆمەڵایەتیی_شۆڕشگێڕیی

دووەم: هەر وەک لە بڕیارنامەکاندا باسمان کرد **ململانێ لەگەڵ دەوڵەت لە ناو دڵی دەوڵەتدا**.

پێشتر باسمان کرد ئەوە تایبەتمەندیی بلانکیزمە کە هێزی سیاسیی وەک ئامرازێک دەبینێت بۆ گۆڕانکارییەکی سۆشیالیستی کە پشتی بە ڕەوتی پێشکەوتی کۆمەڵگا و ململانێی چینایەتیی نەبەستووە. ئەگەر چی سۆشیالیستەکانی پۆڵەندی ئەو تیۆرییە لە شێوەی گشتیی خۆیدا پەسند ناکەن، بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستا دیتوومانە ئەوان بە ئاگاداریی و باوەڕێکی پتەوەوە لەو هەڵوێستە کە دەڵێت «ڕزگاریی چینی کرێکار تەنیا بە هەوڵی خۆی چینی کرێکار دەستەبەر دەکرێت» هەولیان داوە ـ لە حەقیقەتدا کاتێک بە بێئاگایی بەڵام لەکردەوەدا بۆچوونەکانی **ئیرادەی گەل** سەبارەت بە دەوڵەتی ڕووسیایان پەسند دەکرد هەڵوێستی بلانکیستییان ڕەچاو دەکرد. دەرەنجامی مەنتقیی هەڵوێستی ئەوان دەبێت ئەو ئاواتە ببێت کە ئەگەری ئەوە هەیە [بەرنامەی] داڕماندنی سۆشیالیستی [دەوڵەت] بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەڕێوە بچێت، بە بێ ئەوەی لە قۆناغی بورژوازی ـ پەرلەمانییەوە تێپەڕ بێت.

لە ڕاستیدا چاپەمەنییەکانی پارتەکە ئەو پەرەسەندە زۆر زوو لە ڕوانگەی خۆیاندا دەنوێنن. لە گۆڤاری پۆڵەندی **پرۆلیتاریا**[53]دا، کە پێنج ژمارەی ئەو بە شێوەی نهێنیی لە نێوان مانگی مەیی ساڵی ۱۸۸۱ هەتا سێپتەمبەری ساڵی ۱۸۸۳ لە چاپ درا، نیشانەیەک لە تانە و تەشەر(بۆ سۆشیالیزمی پیلانگێڕانە و آنارشیزم) سەبارەت بە «ئازادیی

[53] Proletariat

بورژوازی)ی لیبڕالیزم، بە ئاشکرایی دەبینرێت. لە حاڵێکدا کە لە ژمارەی دووهەمی گۆڤاری **پرۆلیتاریا**دا، شیعری پڕ لە فڕولاتاوی ***سروودێکی لیبێڕاڵ بۆ ساڵی ۱۸۸۰ سەبارەت بە چاوەڕێکردنی دەستووری***[54] تێدایە، لە سەروتارەکەی هەر ئەو ژمارەیەدا هەڵوێستی ڕەسەنی خوارەوە سەبارەت بە قازانجەکانی «دروشمی نوێ» دەبینینەوە کە تازە لە لایەن پارتەکەوە پەسند کرابوو:

ئەو ململانێیەی هەنووکە دەس‌پێکراوە قازانجێکی سێهەمیشی هەیە: بورژوازی دەخاتە ناو ئامێزی دەوڵەتەوە بەو ئاواتەوە کە پشتیوانیی دەوڵەتی بەدەسەڵات بتوانێت لەو دوژمنەی کە هەوڵ دەدات مافە تایبەتییەکانی privileges ئەوان لەناو بەرێ، بیانپارێزێ. ململانێ ئەو دوو ماکە [دەوڵەت و بورژوازی] تەنانەت زۆر قایمتر ڕێکدەخات و دەیانکاتە یەک دوژمنی یەکپارچەی چینی کرێکار کە چیتر لە ژێر دەمامکی دەستەوشەگەلی پووچدا خۆی هەشار نەداوە.

لە یەکەم ڕوانیندا هەندێک ئاڵۆز دێتە بەر چاو کە چۆن لە قۆناغەکانی سەرەتایی بزووتنەوەی سۆشیالیستیدا، کە هێشتا تەنانەت بنچینەییترین ئازادییەکانی دیموکراتیکبوونی نییە، کاردانەوەی ڕووڵەزیادبوونی بورژوازی دەکرێت وەک پێشڤەچوونێکی خوازراو و بەئارەزوو ببینرێت. کاتێک بورژوازی خۆی لە باوەشی دەوڵەت دەهاوێت بوونی سزاریزم درێژخایەنتر دەکات و هاوکات هەموو ئەو شتانە تۆکمەتر دەکات کە بە وتەی بەرنامەکەی پرۆلیتاریا، «دەبنە ئاستەنگ لە سەر ڕێی زیادبوونی بەئاگایی کرێکاران، و ڕێگە نادەن بەو بانگەشەکاریی و ڕێکخستنە جەماوەرییانەی وا بۆ دارشتنی بنەمای باڵەخانەی داهاتووی کۆمەڵگا و دەوڵەتی سۆشیاڵیستی، پێویستن.»

[54] A Liberal Hymn to The Year 1880 In Expectation of a Constitution

بەڵام هەر وەک دیتوومانە هەڵوێستی بەرنامەکەی ساڵی ١٨٨٢ چیتر هەڵوێستی پارتەکەی ساڵی ١٨٨٣ نەبوو و ئەو ڕوانگەیە وا پارتەکە لەوێوە دیاردەی سیاسیی لێکدەداوە ئێستا بە تەواویی جیاواز بوو:

ئەوە [واتا کاردانەوەی بورژوازی] بێگومان ململانێکە زۆر سەختتر دەکات، بەر لە هەموو شت بە هۆی ئەوەی کە بازنە گەورەکانی کەسانی بێلایەن و تەنانەت زۆر لەو کەسانەی کە بەڕاستی لە دەوڵەت ناڕازین، پەراوێز دەخات، بێگومان بنەمایەکی قایمتر بۆ [دژایەتیی و] ململانێ دەخوڵقێنێت. ئاراستەیەک بە ململانێ دەبەخشێت و بەو شێوەیە لە فریوخواردنی جەماوەرەکان لە لایەن چینە حاکمەکانەوە ـ کارێک کە ئەگەری کرانی هەیە و لە ڕاستیدا هەتا سەرهەڵدانی ململانێش ئەنجام دەدرێت ـ بەرگریی دەکات. لەگەڵ ئەوەش بەرەنگاری گزیکاریی[55] لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا دەبێتەوە.

ڕەوشی ستاندارد بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجە سیاسییەکان، لێرەدا چیتر ناچار بوونی ڕێکخرانی پلەبەپلەی جەماوەرەکان، وەک پێویستییەک بۆ ململانێی ڕۆژانە، نییە، بەڵکوو قواستنەوەی هەلی سەرهەڵدانە، واتا ئامادەبوونی کوتوپڕ بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتیی.

ئەو ڕوانگەیە سەبارەت بە دۆخی سۆشیالیزم لە پۆڵەندا، بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕوانگەی پرۆلیتاریا سەبارەت بە دۆخی ڕووسیا و چالاکیی **ئیرادەی گەل** ڕێکدەکەوێت. لە ئەنجامی هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەوەی دواتریان «لە لایەن خەڵکەوە ڕێز و باوەڕێکی زۆر بۆ هێزی شۆڕشگێڕان دروست بووە تا ڕادەیەک کە دەبێت لە دواییدا لە خۆیان بپرسن ئایا باشتر نییە خۆیان ڕەگەڵ شۆڕشگێڕان خەن

[55] Adulteration

و ئایا ئەوانە زەوی‌وزارەکان و دارستانەکان و کێڵگەکان ناگەڕێنێتەوە بۆ خەڵک؟ ئیتر دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشگێڕەکان کە وەڵامی «بەڵێ» بدەنەوە بە خەڵک و بڕیاری چارەنووسی شۆڕش دیاری‌کرێت».

دەبێت وەک ئەنگڵس بڵێین **لە ڕاستی‌دا هیچ شۆڕشێکی هاسانتر و خۆشتر بە زەیندا نایە». هیچ باسوخواسێکی‌تر سەبارەت بە کاری ئامادەکاریی بۆ ڕوونکردنەوە و ڕێکخستنی چینی کرێکار، بوونی نیە. بە پێچەوانە، بە دڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین جەماوەری خەڵک لایەنگرییەکی پتەویان هەیە بۆ گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتیی. لەو ڕوانگەیەوە هەموو ئەم ئاڵوگۆڕە کەم‌وزۆرانەی لەنێو سیستەمی ئێستای حکوومەتدا دێنە ئاراوە ـ بۆ نموونە بەدیموکرات کردنی دەوڵەت ـ بە شێوەی ئاسایی شتێکی پووچ و بێ‌بایەخ و فەوتاندنی دەرفەت دێنە بەر چاو. لە ژمارەی سێهەم لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٨٣دا ، ئەو ئاگادارییەی خوارەوە لە وتاری «ئێمە و بورژوازی»دا دەبینین:**

> جەماوەرەکان [واتا خەڵکی کرێکار] دەزانن ناتوانن کوودەتا بکەن ـ بە دوای کەسانێکدا دەگەڕێن کە بتوانن پشتیان پێ‌ببەستن و بە دڵنیاییەوە ڕێبەرایەتیی خۆیانیان بدەنە دەستیان. تا ئەودەم، بێدەنگ دەمێننەوە. ئێمە نەبێت کێ دەیتوانی و دەبوو ئەو متمانەیە وەدەس‌بێنێت. بەڵام بۆ وەدەس‌هێنانی ئەو متمانەیەی خەڵک، دەبێت ئێمە بە ئاکارمان نیشانی بدەین کە دوژمنی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکانیانین، کە لە ئەو شەڕەی وا لە لایەن ئەوانەوە دەیکەین نافرینگێینەوە، کە هەوڵ دەدەین ئەو شتانە بدەینەوە بە خەڵک کە ئی خۆیانە، و هەر بۆیەش ئەو گەمەیەی پەڕلەمانی بورژوازی ڕەت‌دەکەینەوە کە تێیدا زۆرینەیەکی ڕوون‌نەکراوە [و تێنەگەیشتوو] سەبارەت بە ڕووخان بە دەستی دوژمنانی خۆی بڕیار دەدات. کەوابوو لە لای ئێمەوە وا دیارە حکوومەتێکی بەهێزی کاتی ـ کە تەنیا لە سۆشیالیستەکان پێک‌هاتبێت ـ باشترین گەرەنتییە تاکوو ڕێگە خۆش‌کات بۆ دانەوەی سەرمایە بە چینی کرێکار.

ئەو [هەڵوێستە] وتەیەکی کلاسیکە لە باوەڕ بە گەوهەری بلانکیزم واتا بەرامبەریەکدانان و دۆزینەوەی جیاوازییەکانی نێوان «حکوومەتی کاتی سۆشیالیستەکان» و «گەمەی پەڕلەمانە بورژواکان» کە لەودا بەرنامەی سیاسیی لە مانای کردەیی و واقعیی خۆیدا، بەتەواویی لە بیر کراوە.

هەر بەو شێوەیەش، مانیفێستی بلانکیستە فەرەنسییەکان، کە لە ساڵی ١٨٧٤ لە شاری لەندەن چاپ کرا، ڕایدەگەیێنێت: **ئێمە کۆمۆنیستین چونکە دەمانەوێت، بەبێ‌پسانەوە و وەستان لە قۆناغە نێوانییەکان و سازشتەکاندا، بگەین بە ئامانجەکانمان لەبەر ئەوەی ئەو کارانە[ڕاوەستان و سازشت] تەنیا سەرکەوتنمان وەدرەنگ دەخات و کۆیلەیی درێژە دەدات...**

فریدریک ئەنگڵس لە ڕەخنەی خۆی سەبارەت بەو مانیفێستەدا (کە واژۆی سی و سێ بلانکیستیشی پێوە بوو) وتی:

> کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیایی بۆیە کۆمۆنیستن کە لە ماوەی هەموو ئەو قۆناغە نێوانیی و سازشتانە، کە نەک خۆیان سازیان نەکردووە بەڵکوو ڕەوتی بەرەوپێشڤەچوونی مێژوو خوڵقاندوویەتی، ئامانجی کۆتایی خۆیان دەناسن و هەوڵی بۆ دەدەن. ئەو ئامانجە کۆتاییە لەناوبردنی چینەکانە و دارشتنی کۆمەڵگایەک کە لەودا خاوەنێتی تاکەکەسیی زەوی و ئامرازی وەبەرهێنان، چیتر بوونی نییە. «ئەو سی و سێ کەسە کۆمۆنیستن چونکە پێیان وایە ئەگەر تەنیا نیەتی پاکیان ببێت بۆ ئەوەی بەسەر هەموو ئەو قۆناغە نیوانیی و سازشتانەدا باز دەن، دەتوانن وابکەن. و ئەگەریش هەر سبەینێ «شتەکان لێکهەڵوەشێن» _کە بێ‌گومان واش دەبێ_ و ئەوان دەسەڵات بەدەسبهێنن، بۆچی دووسبەی «کۆمۆنیزم دامەزرێنرابێت.» ئەگەر دەسبەجێ نەکرێت، دەی کەوابوو ئەوان کۆمۆنیست نین. ئەو قسە ساویلکانە و منداڵانەیە، بەپەلەبوون وەک بەڵگەهێنانەوەیەکی ڕازیکەر لە بواری تیۆریکەوە دێنێتە ئاراوە!

ژمارەی چواری گۆڤاری پرۆلیتاریا چەند بژاردەی جۆراوجۆری[56] تایبەت سەبارەت بە گەڕانەوە بۆ ڕوانگە سۆشیال _دیموکراتیکەکان دەخاتە ڕوو. لە وتارەکانی «ئێمە و حکوومەت»دا هاتووە:

بەهەر حاڵ بزووتنەوەی ئێمە هەتا دەگاتە دوایین قۆناغ چەند قۆناغی جۆراوجۆر تێپەر دەکات. یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکانی هەوڵە ئامادەکارییەکانمان، ململانێیە دژی هێرشەکانی ئەو حکوومەتە وا بە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی بورژواکان، ئازارمان دەدات، بۆ نموونە ئێمە دەبێت لایەنگریی لە ئازادیی سیاسیی بکەین چونکە پێمانوایە [لایەنی بەرامبەر] پیلانگێڕیی دژی ئاواتەکانی خەڵک دەکەن. لەگەڵ ئەوەش ئازادیی سیاسیی، خەڵکی لەبەرامبەر سەرکوتدا نەپاراستووە: بایەخی ئەو بۆ ئێمە بە هۆی شتێکیترە: بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بین چالاکی ئێمە پێویستیی بە ڕووناکی ڕۆژ هەیە تا لەو دۆخەدا بە ئازادیی و بەربڵاویی گەشە بکات. تەنیا ئەگەر ناچار بەو کارە بێت دەبێتە پیلانگێڕییەکی نهێنیی. لە دۆخی ئازادیی سیاسیدا، کارتێکەریی جەماوەرەکان زۆر هاسانتر وەدیدێت، بەئاگابوونیان زۆر زووتر وەخەبەر دێت، زۆر خێراتر لەبەردەم تابلۆی بانگەشەی بۆچوونی سۆشیاڵیستیدا کۆدەبنەوە، و ڕێکخستنیان بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر جێبەجێ دەکرێت. بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ئاستەنگە سیاسییانە وا حکوومەتەکان دەیخەنە بەر دەممان، لەو جێیانە وا سەرکوتی سیاسیی بە سەرەتاییترین و بێشەرمانەترین شێوەی خۆی بەڕێوە دەبرێت، سەرەڕۆیی تەواو حکوومەت دەکات، یان سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤ بەتەواوی پێشێل دەکرێن، دەبێت بە تایبەتیی زۆر بەهێز و قایم بێت. لێرەدا ڕووخاندن و وەلانانی حکوومەت دەبێت یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی کردەیی سۆشیاڵیزم بێت.

[56] Variations

به پێی ئەو وتانەی سەرەوە دەردەکەوێت پارتی پرۆلیتاریا زۆر باش لە پێویستیی دەستەبەرکردنی ئازادییە سیاسییەکان لە پێش «سەرهەڵدان[57]»دا تێدەگەیشت لەبەر ئەوەی بە بوونی ئەو ئازادییانە، هەلی هاندان و ڕێکخستنی جەماوەر لە ئاستێکی بەرزتردا دەڕەخسا. بەڵام مەبەست لە ئازادیی سیاسیی لێرەدا دیارە کە تەنیا لێکدانەوەیەکی یەکجار یەکلایەنە، نەگۆڕ و ڕواڵەتیی لەو ئازادییەیە کە وەک ئامرازێکی تەکنیکیی بۆ یارمەتیی چالاکییەکانی سۆشیالیستەکان بەکار دێت. لایەنی مێژوویی ئۆبجێکتیڤی شێوەی پەرلەمانیی ـ بورژوایی حکوومەت، وەک قۆناغێکی ناچار و پێویست لە پەرەسەندنی کۆمەڵگای سۆشیالیستی، بەتەواویی لەبیر کراوە. چونکە دیموکراسیی پەرلەمانی تەنیا وەک ئامرازێکی دەرەکیی بۆ هاسانکاریی ئامادەکاریی بۆ «سەرهەڵدان» دەبینرێت. ئەو ئەنجامگیرییە مەنتقییە وا [کە دەڵێت] هەوڵ و تێکۆشان بۆ تێگەیشتن لە شێوە دیموکراتیکەکان، ئەرکێکی سەرەتایی و پێویستی چینی کرێکارە، پێویست نییە. بە پێچەوانە، ڕوانگەکە ئاوا دەمێنێتەوە کە بێگومان دەستەبەرکردنی ئەو ئازادییانە گەشەکردنێکی دڵخۆشکەرە کە نابێت ڕەتکرێتەوە بەڵام ئەگەر پێویست بوو دەکرێت لە بیرکرێت.

ئەوانە لە گەوهەردا ئەو ئەنجامگیرییانەن کە گۆڤاری **پرۆلیتاریا** لە بەشی دووهەمی وتاری «ئێمە و حکوومەت»دا دەیخاتەڕوو و لە ژمارەی پێنجەم و دوایینی گۆڤاری **وەرشەو**یشدا چاپ کرا:

ئایا ئەو حکوومەتە ـ کە بە پێشڤەچوونی کاری شۆڕشگێڕانەی ئێمە ترساوە ـ دەبێت بچێت بۆ لای بورژوازییەکی کەموزۆر وڵاتپەرست و چەند مافی تایبەتی نەتەوەیی ـ سیاسیی پێبدات بۆ ئەوەی بیهێنێتە ناو گۆڕەپانی بەربەرەکانی گشتیی دژی ئێمە؟ زۆر باشە ، کەوابوو تکایە وا بکات. ئێمە بێگومان بەرهەڵستی ئەو مافە تایبەتانە

[57] Outbreak

نابینەوە. بەڵام هەوڵ دەدەین هەموو ئەو کارانە وا بۆ بورژوازی کراون، دژی ئەوان و حکوومەت بەکار بێنین.

نواندنێکی تەنانەت زۆر ڕوونتر لەو تێگەیشتنە بلانکیستییە لە ئازادیی سیاسیی، لە دوایین بەشی هەر ئەو وتارەدا هاتووە کە لەوێدا ئەنجامگیریی هەر دوو وتارە بنەڕەتییەکە دەردەکەوێت:

**ئێمە بەو ئەنجامە دەگەین: دۆخی دەوڵەتی ئێستا بۆ ئێمە تەنیا یەک مانای بنەڕەتیی هەیە. چونکە دەوڵەت، بوونی خۆی بە ڕاگرتنی سیستەمی ئابووریی هەنووکەییەوە گرێداوە، لەو چینانە وا مافی تایبەت و جیاوازیان پێدراوە لایەنگریی دەکات و ئەو پارتانە وا هەوڵ دەدەن بۆ ڕزگاری کۆمەڵایەتی[سۆشیال] سەرکوت دەکات و ئازاریان دەدات. ڕووخاندنی دامودەزگای حکوومەت، ڕێک بە مانای لەناوبردنی دیوارێکە کە لە نێوان ئێمە و ئامانجەکەمان دانراوە...**

لێرەدا باسەکە چیتر لەسەر حکوومەتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر نییە بەڵکوو لەسەر «دەوڵەتی ئێستا»یە. هەربۆیەش ئەو شێوە تایبەتەی حکوومەتی ڕووسیا، بەو جۆرە وەک دامەزراوەی دەوڵەتی چینایەتیی پێناسە دەکرێت. کەوابوو ئەرکی پارتی سۆشیالیست لە پێشدا، نەک چاکسازیی بەرەوپێشی دامەزراوە حکوومییەکان، بەڵکوو «دارماندنی دامودەزگای حکوومەتە»، واتا یەکسەر تێکدانی حکوومەتێک کە چونکە لەسەر بنەمای بەڕێوەبەریی چینایەتی دانراوە، بۆتە قەڵای سیستەمی دەسەڵاتداریی بورژوایی.

لە کۆتاییدا، لە ساڵی ١٨٨٤ ، دوای ئەوەی لودویک وارینسکی دەسبەسەر کرا و لە گۆڕەپانی شەڕ بزر بوو، پەرەسەندنی ئەو بیرۆکە سیاسییەی وا لێرەدا ڕەخنەی لێگیرا لە گرنگترین بەڵگەی مێژووی پارتەکەدا، واتا ڕێککەوتننامەی فەرمیی لەگەڵ **ئیرادەی گەل**، وەک هێمای شانازیی دەردەکەوێت. ئەو گرێبەستە کە وەک هەمیشە

پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوە سۆشیالیستیەکانی پۆڵەندی و ڕووسیایی بە شێوەی فەرمی دەناسێنێت، و هەڵبەت ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی ئەو پەیوەندییانە لە کردەدا هەبوون، هاوتایەکی بێوێنەیە بۆ **داواکاریی هەڤاڵانی ڕووسیایی** پێشوو. ئەو گرێبەستە ئەورێگا دوور و درێژەی ئالوگۆڕی سیاسیی نیشان دەدات کە سۆشیالیزمی پۆڵەندی لە دەورەی کورتی نێوان سالانی ١٨٨١ تا سەرەتای سالی ١٨٨٤ پێوابووی.

لە گوزارشتی کومیتەی ناوەندیی پرۆلیتاریا بۆ کومیتەی بەڕێوەبەریی **ئیرادەی گەل**، ئەو ڕاگەیاندنە دەبینین کە

> یەکینەکانی شەڕ [ی پارتی پرۆلیتاریا] کە بۆ جەنگ ڕاهێنرابوون و ڕێکخرابوون، دەبێت لە هەلی گونجاودا وەک بەهێزکەر بەکاربێنرێن بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بن بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی سەردەم و بەدەسگرتنی دەسەلات لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە. خۆی کومیتەی ناوەندیی لەسەر بنەمای جەماوەر دادەمەزرێت، چونکە هەر ئەو تەنیا نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانیان دەبێت و هەندێک چاکسازیی ئابووریی و سیاسیی دادەمەزرێنێت کە لە ڕێی ئەوانەوە مانای ئەو کاتەی سەرمایە و دارایی بۆ هەمیشە پووچەڵ دەکرێتەوە. کومیتەی ناوەندیی، ئەو بەشە لە بەرنامەی سۆشیالیستی بەڕێوەدەبات کە تێگەیشتنەکەی لە کاتی ڕووخاندن[ی حکوومەت]دا ئەگەری جێبەجێبوونی ببێت.

لێرەدا **ڕووخاندنی حکوومەتی سەردەم**، واتا سزاریزم، بە ڕوونیی وەک سەرەتایەکی ڕاستەوخۆ بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی لەبەر چاو دەگیرێت. بەربەرەکانی دژی دەسەلاتداریی دیکتاتۆریی، بەتەواویی پێناسەی خۆی لە دەس دەدات و دەبێت بە

ململانێی ڕۆژانە لە خاکی دەوڵەتی کۆمەڵایەتیی بورژوازیدا. مەودای نێوان لانیکەمی داخوازەکان و ئامانجی کۆتایی، واتا نێوان بەرنامەی سیاسیی و بەرنامەی ڕووخاندنی سۆشیالیستی، لەناو دەچێت و چالاکیی ڕۆژانە دەبێتە تەنیا ئەندێشە لەمەڕ «سەرهەڵدان»ێکی نزیک، کە دەسبەجێ گۆڕانکاریی سۆشیالیستی پێکدێنێت.

هاوکات لەگەڵ ئەوەش باسوخواسەکانی کومیتەی ناوەندیی لەسەر وردەکارییەکانی «سەرهەڵدان»، مزگێنیی سەرەتای «ڕووخاندنی دەوڵەت» نادات مەگەر ئەوەی کومیتەی ناوەندیی **ئیرادەی گەل**، «لە کاری داهێنەرانەی خۆیدا» دوای ڕووخاندن و شتەکانیتر، پەیامی مافی سەربەخۆیی بۆ خۆی ڕاگرێت.

ئیتر بەسە. ئێمە لێرەدا، جگەلەو بۆچوونانەی سەبارەت بە ململانێی چینایەتیی و کردەی جەماوەریی و شتیترن ، کە لە بەشە جیاجیاکانی بەڵگەکەدا پێداگرییان لەسەر کراوە، جۆرێک بەرنامەی بلانکیستیشمان هەیە. هەر بۆیەش ئەو بەڵگەیە کە شانازی ئەوەی هەیە جگەلەوەی تێگەیشتنێکی کردەیی لەو بۆچوونانە وا لە **داواکارییەکەی هەڤاڵانی ڕووسیادا** ڕاگەیێندرابوو بە دەستەوە بدات، هەروەها خاڵی کۆتایی هەندێک گۆڕانکاریی پلەبەپلە بێت لە سۆشیالیزمی پۆڵەندا.

---

[1] **Z Pola Walki** (Geneva: Verlag "Walka klas." 1886) p.27. (*R.L.*)

[2] Friedrich Engels, **Internationales aus dem *Volksstaat*, Soziales aus Russland** (Berlin 1894), p.69. (*R.L.*)